# رۆژنامە

www.rozhnama.com

رۆژنامەیەکی رۆژانەیە کۆمپانیای وشە دەریدەکات

ژمارە 494 یەکشەممە 21/ 6/ 2009 | نرخ 500 دینار | No.494 Sun 21/ 6/ 2009



**بانگەوازێک لەکۆمپانیای بەڕێزەوە بۆ ئەندازیارو ڕووپێوی شارەزا لەبواری بیناسازیدا**

کۆمپانیای بەڕێز پێویستی بە(١٠) ئەندازیارو (٥) ڕووپێو هەیە بەمەرجێک شارەزایی لە (٢) ساڵ کەمتر نەبێت.

بۆ وەرگرتنی فۆرمی دامەزراندن سەردانی ئۆفیسی سەرەکی کۆمپانیا بکەن لەشەقامی مەلیک مەحمود نزیک ئاڵتوون مۆڵ.

دووا بەروار بۆ وەرگرتنی فۆرم ٢٠٠٩/٦/٢٨ یە.

بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندی بکەن بەم ژمارانەوە :

٠٧٧٠٣٦٥٠٠٩٠

٠٧٥٠١٥٣٠٠٩٠



# زیاتر لە (٥) ترلیۆن دینارە

# دەسەڵات نیوەی هەموو بودجەی هەرێم دەکاتە بانگەشەی هەڵبژاردن



ل ٣

## هەڵهاتن لە بۆشایی



**نیگایەک لەجەوهەری ئەو هێزەی ئێستا لەهەناوی کۆمەڵگای ئێمەدا دەجوڵێت**

وتارێکی بەختیار عەلی-ە، رۆژنامە لە سەر داوای خوێنەرانی بۆ جاری دووەم لە پاشکۆیەکی تایبەتدا بڵاویدەکاتەوە

## کۆمسیۆن لە پێشینەی بەعسیبوونو مەلەفداریی پاڵێوراوەکانی نەکۆڵیوەتەوە

**شارا عەبدولڕەحمان**

ئەو وردبینییەی کە بۆ ناوی پاڵێوراوانی لیستەکانی بەشدار لەهەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، لەلایەن کۆمسیۆنەوە کراوە، هیچ پەیوەندییەکی بەپێشینەی بەعسیبوونو مەلەفداریی پاڵێوراوەکانەوە نەبووە، هاوکات رێکخراوی کوردۆساید-چاک بەردەوامە لەسەر لێکۆڵینەوە لەپێشینەی ناوی پاڵێوراوانو بەنیازە ئەگەر دوای چوونە پەرلەمانیشەوە لە «پێشینەی خراپ»ی پاڵێوراوێک دڵنیابوو، ناوەکەی بۆ رای گشتیی ئاشکرا بکات.

هەندرێن محەمەد، بەرپرسی ئۆفیسی هەولێری کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان بە رۆژنامەی راگەیاند: ئەو وردبینییەی کە بۆ ناوی پاڵێوراوەکان کرا، تەنیا بۆ دڵنیابوون بوو لە بوونی ئەو مەرجانە تیایدا کە لە یاسای هەڵبژاردنەکاندا هاتووەو هیچ پەیوەندییەکی بەپێشینەی بەعسیبوونو مەلەفدارییانەوە نەبووە.

بەگوێرەی مادەی (٢١) لە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان(هەموارکراو)، (٦) مەرج بۆ پاڵێوراوانی لیستەکانی بەشدار لەو هەڵبژاردنەدا دانراوە، کە بریتین لە (دانیشتووی کوردستانی عێراق بێت، تەمەنی لە (٢٥) ساڵ کەمتر نەبێت، توانای خوێندنەوەو نووسینی هەبێت، سزا نەدرابێت بە تاوانەکانی ئەخلاقو ئادابی گشتی، بەند نەکرابێت بە تاوانی کوشتنو دزی، بەشداری نەکردبێت لەو تاوانانەی کە رژێمی پێشوو بەرامبەر کوردستان ئەنجامیداوە)، بەڵام بەپێی وتەکانی هەندرێن، کۆمسیۆن لە مەرجی شەشەمی پاڵێوراوەکانی نەکۆڵیوەتەوە.

لە رۆژی (٥/٢٢)ەوە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان دەستیکرد بەوردبینی ناوی پاڵێوراوەکانو پرۆسەکەش تا رۆژی (٦/١٦)ی خایاندو تا دوایەمین رۆژی پرۆسەکەش تەنیا (٣) پاڵێوراوی سەر بەلیستی پارتی پارێزگارانی کوردستان کێشەیان هەبووە، بەوهۆیەشەوە لیستەکە ناوی دووان لە پاڵێوراوەکانی لابردووەو سێیەمیشی گۆڕیوە.

لەلایەکی دیکەوەو هەر لەسەرەتای پێکهێنانی لیستەکانی بەشدار لەهەڵبژاردنو ئاشکرابوونی ناوی پاڵێوراوەکانیاندا، رێکخراوی کوردۆساید-چاک بڕیاریدا بە لێکۆڵینەوە لە پێشینەی ناوی ئەو پاڵێوراوانەو بڵاوکردنەوەی ئەو ناوانەی کە بەعسیبوون یان بەخیانەتی نەتەوەیی تێوەگلاون یان «پێشینەیان» پاک نییە، لەئێستاشدا رێکخراوەکە بەردەوامە لەسەر ئەو پرۆسەیەو بۆ ئەو مەبەستەش داوای هاوکاری لەخەڵک دەکەن تاکو بەڵگەو دۆکیۆمێنتیان لەسەر پاڵێوراوەکان پێبدەن.

پێشڕەو حەمید، بەرپرسی راگەیاندنی رێکخراوی کوردۆساید-چاک لە کوردستان بە رۆژنامەی راگەیاند: دەمانەوێت پەرلەمانی ئەمجارە پەرلەمانێکی سپی بێت بەوهۆیەشەوە بەردەوامین لە لێکۆڵینەوە لە پێشینەی ئەو پاڵێوراوانەو بۆ ئەو مەبەستەش هاوکاری خەڵکمان پێویستە، بەڵام خۆمان لەئێستادا سەرقاڵی لێکۆڵینەوەین لە پێشینەی ئەو پاڵێوراوانەی لە پەرلەمانی پێشووشدا بەشداربوونو بۆ ئەم پەرلەمانەش دووبارە پاڵێوراونەتەوە، دوای تەواوبوونی پرۆسەکەشمان ئەو پاڵێوراوانەی «رابردوویان پاک نییە» بۆ رای گشتیی ئاشکرا دەکەینو داوا لە لیستەکەی دەکەین بیگۆڕێت.

بەڵام بەرپرسەکەی رێکخراوی چاک ئەوەی رەتکردەوە کە تائێستا لە رابردووی ناپاکیی هیچ کام لە پاڵێوراوان دڵنیا بووبێتن.

## بودجەی یەک مانگی پارتیو یەکێتی سێ هێندەی بودجەی ساڵێکی حەوت حیزبە

**هەولێر**
**ئیبراهیم عەلی**

عەدنان موفتی، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، لەبەردەم پەرلەمانتاران لەکاتی گفتوگۆکردن لەسەر پرۆژەیاسای بودجەی هەرێم، دانی بەوەدانا کە هەریەک لە پارتیو یەکێتی مانگانە بڕی سی ملیۆن دۆلار لە بودجە دەبەن.

نازانرێت کە پارتیو یەکێتی بەپێی چ یاسایەک ئەو رێژەیە لە بودجەی هەرێم هەڵدەگرن، لەکاتێکدا بودجەی حیزبەکانی دیکە کە بەشدارن لە پەرلەماندا بە بەراورد لەگەڵ ئەو رێژەیەی کە پارتیو یەکێتی وەریدەگرن، زۆر کەمە.

کۆی گشتی ئەو بودجەیەی کە حیزبە بەشدارەکانی پەرلەمانی کوردستان لەحکومەت وەریدەگرن، بریتییە لە (١,٧٣٧,٢٨٦) دۆلار لە مانگێکدا، بڕی (٢٠,٨٤٧,٤٣٢) لە ساڵێکدا، بەهەموو ئەو حیزبانەی کە بودجە لە حکومەت وەردەگرن لەیەک ساڵدا هێندەی بودجەی تەنیا یەک مانگی پارتیو یەکێتی پارەیان پێدەدرێت.

بەپێی لێدوانەکانی سەڵاحەدین بەهائەدین، ئەمینداری گشتیی یەکگرتووی ئیسلامی، حیزبەکەیان مانگانە بڕی (٤٥٠) ملیۆن دینار وەردەگرێت، ئەمە لەکاتێکدایە ئەوان لەنێو پەرلەماندا هێزی سێیەمن ئینجا ئەو رێژەیە وەردەگرن.

لە لێدوانێکدا بۆ رۆژنامە، باپیر کامەلا، سکرتێری بزووتنەوەی جوتیارانو رەنجدەرانی کوردستان، بودجەی حیزبەکەی بۆ رۆژنامە ئاشکراکردو وتی: «مانگانە بڕی (٥٠) ملیۆن دینار لە حکومەت وەردەگرین».

غەفور مەخموری، سکرتێری یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان، بۆ رۆژنامە وتی: «بودجەی حیزبەکەمان بریتییە لە (٥٠) ملیۆن دینار».

بەپێی زانیارییەکانی رۆژنامە، حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان (باڵی مەکتەبی سیاسیو قادر عەزیز)، (٤٠٠) ملیۆن دینار وەردەگرنو کۆمەڵی ئیسلامی (٣٠٠) ملیۆن دینار وەردەگرێت، حیزبی شیوعی کوردستانیش (٥٠٠) ملیۆن دینار وەردەگرێتو حیزبی سۆسیالیست (٣٥٠) ملیۆن دینار وەردەگرێت.

## شەپۆلی نارەزایی دژی پەسەندکردنی دەستووری هەرێم دەستپێکرد

ل ٢

ژمارە (494) یەکشەممە 2009/6/21
hewal.rozhnama@gmail.com
ڕۆژنامە

# لە ماوەی دوو مانگدا

# زیاتر لە نیوەی بودجەی ئەمساڵ بڕیاری سەرفکردنی دراوە

## حیزب پرۆژەکانی حکومەت بە چالاکیی خۆی دەناسێنێت

بەرهەم خالید

لەگەڵ ئەوەی بودجەی ساڵی ٢٠٠٩ نزیکەی (٩) ترلیۆن دینارە، بەڵام تەنیا لەماوەی دوو مانگی رابردوودا بەرپرسە حکومیی و حیزبییەکان بەبڕی زیاتر لە (٥) ترلیۆن دینار، بەڵێنی جێبەجێکردنی پرۆژەیان بە خەڵکی ناوچەکانی کوردستان داوە. ئەمە لە کاتێکدایە ساڵانی رابردوو بەرپرسانی حیزب و حکومەت باسیان لەوەدەکرد، که نزیکەی (٧٠٪) بودجەی هەرێم بۆ مووچە سەرفدەکرێت. پسپۆڕێکی ئابووریش ئەوە بە بێ پلانی حکومەتی هەرێم لەقەڵەمدەدات، لەلایەکی دیکەوە چاودێرێکی سیاسی پێیوایە، ئامانج لە خستنەڕووی ئەو پرۆژانە، بانگەشەی هەڵبژاردنە، کە بە پارەی گشتییەوە بۆ خزمەتی حیزبە دەسەڵاتدارەکان بەکاردەهێنرێت.

لە بەدواداچوونێکی رۆژنامەدا دەربارەی بەهای ئەو پرۆژانەی کە لەماوەی زیاتر لە دوو مانگداو لە رۆژی ٢٠٠٩/٤/٧ بۆ ٢٠٠٩/٦/١٢ لە (٥٨) ژمارەی رۆژنامەی کوردستانی نوێدا بڵاوکراوەتەوە، سەرجەمی بەهای ئەو پرۆژانە دەکاتە (٥) ترلیۆن و (٢٣٠) ملیارو (٥١٩) ملیۆن دینار، کە لەنێویاندا پرۆژەی گەورەو ستراتیژی وەک بەنداوو بەرهەمهێنانی کارەبا هەتا کردنەوەی قوتابخانەو قیرتاوو چەندین پرۆژەی دیکە لەخۆدەگرێت، ئەوە سەرەڕای چەندین بەڵێنی دامەزراندن و بڕینەوەی مووچە، بەتایبەت پاش دەستبەکاربوونی عیماد ئەحمەد، وەک جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، ئەوە لەکاتێکدایە کە سەرجەمی بودجەی ساڵی ٢٠٠٩ (٨) ترلیۆن و (٢٨٣) ملیارو (١٧٢) ملیۆن دینارەو نزیکەی نیوەی ئەو بڕەش بۆ پرۆژە خزمەتگوزارییەکان تەرخانکراوە. جوتیار مەجید، جێگری سەرۆکی لیژنەی دارایی و ئابووری لە پەرلەمانی کوردستان، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە راگەیاندن و خستنەڕووی ئەو ژمارە زۆرە ئەگەر لە چوارچێوەی پرۆژە خزمەتگوزارییەکانی ساڵی ٢٠٠٨دا بێت، شتێکی ئاساییە، لەبەرئەوەی ساڵی پاریش بودجە دواکەوت و حکومەتیش ساڵانە بڕێک پارەی یەدەک دادەنێت بۆئەوەی لەکاتی پێویستدا خەرجی بکات، ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد، کە ئەوان هیچ بەدواداچوونێکیان بۆ ئەو مەسەلەیە نەکردووە، دەربارەی پرۆژە ستراتیژیی و گەورەکانیش ئەوەی ئاشکراکرد، کە پەرلەمان حکومەتی راسپاردووە کە هەر پرۆژەیەکی ستراتیژیی و گرنگی وەک کارەباو بەنداو هەبێت، بەبێ گەڕانەوە بۆ پەرلەمان جێبەجێی بکەن.

لەماوەی چەند ساڵی رابردوودا زۆرێک لە ناوچەکانی هەرێم کێشەی کەمیی پرۆژەی خزمەتگوزارییان هەبووە، بەوهۆیەوە چەندین خۆپیشاندان و ناڕەزایی لە شارەکانی هەرێمدا روویانداوە، تائێستاش هیچکام لە کێشەکانی ئاوو کارەباو سووتەمەنی چارەسەری تەواویان بۆ نەدۆزراوەتەوە، بەڵام لەماوەی چەند هەفتەی رابردوودا ژمارەیەکی زۆر پرۆژە خراونەتەڕوو، هەروەها ژمارەیەکی زۆر شەقام و جادە قیرتاوکراون، بەڵام وەک جوتیار مەجید ئاماژەی بۆدەکات، پێویستە هەر پرۆژەیەکی وەک جادەو دروستکردنی قوتابخانەو نەخۆشخانە پێشوەخت بڕیار لە جێبەجێکردنیان بدرێت و پارەو دیزاینی بۆ بکرێت، نەک بە پەلەبکرێت لە ئەنجامدانی لە ماوەیەکی کورتدا.

لەلای خۆیەوە موسا محەمەد، پسپۆڕی بواری ئابووری، بەهای ئەو پرۆژانە بە ژمارەیەکی ئێجگار زۆرو بە حاڵەتێکی نائاسایی دەزانێت، کە لەو ماوە کورتەدا ئەو پارە زۆرە خەرج بکرێت، بەتایبەت کە تائێستا کێشە سەرەکییەکانی ژێرخانی ئابووری هێشتا چارەسەرنەکراون، وەک دابینکردنی ئاوو کارەباو سووتەمەنی بە شێوەیەکی بەردەوام، وتیشی: «ئەوە شتێکی سەرنجڕاکێشەو دەبێت لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت، چونکە ئەوە لە هیچ ستانداردێکدا نییەو بڕە پارەیەکی زۆرە کە دەبێت بزانرێت ئەو بودجەیە هی کوێیەو چۆن جێبەجێدەکرێت».

ئەو پسپۆڕە ئابوورییە ئەو هەنگاوەی بە بێ پلانی وەسفکرد کە لەماوەی تەنیا (٢) مانگدا بڕیار لەسەر خەرجکردنی ئەو بڕە پارە زۆرە بدرێت، وتیشی: «ئەوە زیاتر لە وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بەدیدەکرێت، بەتایبەت لەگەڵ نزیکبوونەوەی هەڵبژاردنەکاندا کە ژمارەیەکی زۆر پرۆژە ئەنجامبدرێت».

بەشێک لەو پرۆژانەی کە لەماوەی ئەو دوو مانگەدا خراونەتەڕوو، بریتین لەو پرۆژانەی کە دەکەونە چوارچێوەی بودجەی وەبەرهێنانەوە کە بڕەکەی بۆ ساڵی ٢٠٠٨ نزیکەی (٢) ملیار دۆلار بوو، ئەوە جگە لە بودجەی هەرێم کە لەلایەن بەغداوە دابین دەکرێت، کە وەک چاودێرانی سیاسی ئاماژەی پێدەدەن ناکرێت و نابێت بودجەی گشتیی خەڵک و پرۆژەی حکومیی بخرێتە خزمەتی حیزب و لایەنێکی دیاریکراوەوە.

محەمەد تۆفیق رەحیم، ئەندامی ئەنجومەنی کۆمپانیای وشە، ئەو حاڵەتە بە بانگەشەی هەڵبژاردن دەداتە قەڵەم و پێیوایە، بە گشتی ئەگەر پرۆژە بکرێت شتێکی باشە، بەڵام نابێت بە هیچ جۆرێک پارەی گشتی و شوێنی حکومیی لە هەڵمەتی هەڵبژاردندا بۆ لایەنێکی دیاریکراو بەکاربهێنرێت.

لەئێستادا هەریەکە لە یەکێتی و پارتی دەسەڵاتی حیزب و حکومەتیان تێکەڵ بەیەک کردووە، بەوهۆیەشەوە پرۆژەو چالاکییە حکومییەکان کە لەلایەن دامودەزگاو وەزارەتەکانەوە جێبەجێدەکرێن، لەلایەن ئەو حیزبانەوە بە خەڵک دەفرۆشرێنەوەو وەک چالاکییەکی حیزبی دەیناسێنن، ئەوە لەپێناو بەدەستهێنانی دەنگی خەڵکە لە سەروبەندی نزیکبوونەوەی وادەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا کە بڕیارە رۆژی ٢٠٠٩/٧/٢٥ بەڕێوەبچێت.

ئاشتی حەمە ساڵح، پسپۆڕ لەبواری بانگەشەی هەڵبژاردندا، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە لە هەندێک لە وڵاتی جیهاندا ئەو حاڵەتە بەرچاو دەکەوێت کە کارەکانی حیزب و حکومەت تێکەڵ دەبێت و پرۆژەکانی حکومەت دەچێتە گیرفانی حیزبەوە، وتی: «لێرەش حیزب و حکومەت تێکەڵ بووەو حیزبەکان زۆرێک لە چالاکییەکانی حکومەت بە پرۆژەی حیزب دەناسێنن، لە هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٠٥یشدا ئەو حاڵەتە پەیڕەوکراوە، کە وەک نەریتی زۆرێک لە پارتەکانی وڵاتانی خۆرهەڵات لەکاتی هەڵبژاردندا، حیزبەکان دەکەونە خۆیان و پرۆژەکانیان دەخەنەڕوو، لەکاتێکدا دەبێت ئەو حیزبانە پرۆژەیان بۆ هەموو دەورەی حکومەتەکەیان هەبێت، نەک لە (٢) مانگ پێش هەڵبژاردندا بیریان بکەوێتەوە، ئەوەش ئەوە دەردەخات کە ئەو حیزبانە ستراتیژیان نییە».

> **دەبێت ئەو حیزبانە پرۆژەیان بۆ هەموو دەورەی حکومەتەکەیان هەبێت، نەک لە (٢) مانگ پێش هەڵبژاردندا بیریان بکەوێتەوە، ئەوەش ئەوە دەردەخات کە ئەو حیزبانە ستراتیژیان نییە**

بە بۆچوونی ئەو پسپۆڕە دەبێت حیزب بەرنامەی بۆ هەر چوار ساڵەکە هەبێت و بەڵێنەکانی بباتە سەر، نەک بۆ ماوەیەکی دیاریکراو، چونکە ئەگەر وانەبێت، ئەوا بە زیانی ئەو لایەنە دەشکێتەوەو متمانە لەدەستدەدات، وتیشی: «زۆرێک لەو خزمەتگوزاریانەی کە بە پەلەپەل دەکرێت، بە زیانی ئەو حیزبانە دەشکێتەوە، چونکە خەڵک هۆشیارەو درک بەوەدەکات کە ئەوە هەمان ئەو حیزبەیە کە چوار ساڵە حکومەتی بەدەستەوەیەو خزمەتی نەکردووە، بۆیە دەنگدانیش دەکەوێتە سەر هۆشیاریی میللەت کە خوێندنەوەی بۆ ئەو دۆخە هەبێت و لەو روانگەیەوە دەنگ بدات».

> **زۆرێک لەو خزمەتگوزاریانەی کە بە پەلەپەل دەکرێت، بە زیانی ئەو حیزبانە دەشکێتەوە، چونکە خەڵک هۆشیارەو درک بەوەدەکات کە ئەوە هەمان ئەو حیزبەیە کە چوار ساڵە حکومەتی بەدەستەوەیەو خزمەتی نەکردووە، بۆیە دەنگدانیش دەکەوێتە سەر هۆشیاریی میللەت کە خوێندنەوەی بۆ ئەو دۆخە هەبێت و لەو روانگەیەوە دەنگ بدات**

سەربارەی رەخنەی ئەوەی سەرفکردنی نیوەی بودجەی ساڵێک لە دوو مانگدا «نیشانەی بێ پلانی حکومەت و بەشێکە لە بانگەشەی هەڵبژاردن» پارتی و یەکێتی و حکومەتەکەیان دەخاتە ژێر پرسیارەوە، کە ئەو پارەیە لەکوێ دەستبەردەکەن و سەرچاوەکەی چییە.

ئاودێر شێخ عومەر، رۆژنامەنووس ئەوە وەبیردەهێنێتەوە کە پارتی و یەکێتی و حکومەتەکەیان لە چەند ساڵی رابردوودا بە پاساوی ئەوەی نزیکەی ٧٠٪ی بودجەی هەرێم بۆ مووچە سەرفدەکرێت خۆیان لەمەسەلەی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی پێویست دەدزییەوە، بەڵام ئێستا بەوشێوە بەربڵاوە بەڵێنی جێبەجێکردنی پرۆژە دەدەن، دەبێت بپرسین ئەم پارەیە لەکوێوە دەستبەردەکەن. «بەو پێیەی دوو حیزبەکە دەڵێن نزیکەی ٧٠٪ی بودجە بۆ مووچە دەڕوات، لە کۆی ١٠ ترلیۆن دینارەکەی ئەمساڵ سێ ترلیۆن بۆ هەموو بوارەکانی دیکە دەمێنێتەوە، کەواتە دەبێت دوو حیزبەکە وەڵامی ئەوە بدەنەوە ئەو پارەیە سەرچاوەکەی چییە؟ ئەگەر بودجەیە بۆچی ساڵانی پێشوو نەبوو، ئەگەر بودجەشە مووچەی مووچەخۆران لەچی دابینیدەکەن». هەر وەک پێیوایە لە حاڵی وەڵامدانەوەی هەریەک لەو دوو پرسیارەدا ناڕاستگۆیی ئەو دوو حیزبەو حکومەتەکەیان ئاشکرا دەبێت و خەڵک لەوە تێدەگات کە ئەو پرۆژانە وەک دەیان پرۆژەی ساڵانی رابردوو تەنیا بەردی بناغەکەیان لە بەرچاوی خەڵک دەبێت و دوای هەڵبژاردن لەبیردەچنەوە.

کوردستانی نوێ
KURDISTANÎ NWÊ

لەسەر بودجەی ی.ن.ك
بەزیاتر لە(٢) ملیۆن دۆلار، (٤) قوتابخانە لەسلێمانی دروستدەکرێن

زیاتر لە٦٠ هەزار دۆلار بۆ کڕینی موەلیدە


١٧ ملیار دینار بۆ راکێشانی کارەبا بۆ تەکیەی جەباری تەرخانکراوە

نەخۆشخانەیەکی (١٠٠) قەرەوێڵەیی لەسۆران دروستدەکرێت

کارەکانی تونێلی ئەزمڕ تەواوکران و پێدەچێت مانگی داهاتوو بکرێتەوە
بەبڕی زیاتر لە(٣٥٠) ملیار دینار، لە پارێزگای سلێمانی چەندین پرۆژەی رێگەوبان جێبەجێدەکرێن

٦٦ ملیارو ٥٠٠ ملیۆن دینار بۆ ١١٨ پرۆژەی کارەبا لەبیتوێن

# ئاماژەکانی قبوڵکردنی دەستوور



**هیوا جەمال**

شارەزایانی دەستووریی و رووناکبیران و زۆرینەی سیاسییەکان کۆکن لەسەرئەوەی کە ڕەشنووسی دەستووری هەرێمی کوردستان، کەلێن و کەموکوڕیی زۆری تێدایە، بەتایبەت کە دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم بێمانا زیادکراون، وەک کاڵایەک بە باڵای سەرۆکدا بڕاوە.

ئەگەر پارتی و یەکێتی ئەم ڕەشنووسی دەستوورەی ئێستا هەیە، بەجدی بیانەوێت تێی بپەڕێنن، بیخەنە بەردەم پەرلەمانی ماوەبەسەرچوو، دەنگی لەسەر بدەن، ئەوا کۆمەڵێک شیکردنەوەو ئاماژە لەخۆدەگرێت، کە ناکرێت هەڵوەستەیان لەسەر نەکرێت.

**بۆ یەکێتی**، کە لەگەڵ پارتی هاوپەیمانی ستراتیژییان ئیمزاکردووە، ئاماژەی ئەوەمان پێدەدات، کە ئەوحیزبە بەفیعلی تەسلیمی پارتی بووە، ئەوەی بیەوێت دەتوانێت بەسەریدا بسەپێنێت، ئەمیش شەرعییەتی بۆ دەدات، ئاماژەی ئەوەمان پێدەڵێت کە یەکێتی لەڕووی دەروونییەوە لەبەرامبەر پارتیدا، ناتوانێت بەرگری لەو مافانە بکات، یان ڕەخنەی لەو بڕیارانە هەبێت کە دەدرێن، ئەوەش ئەوەمان پێدەڵێت کە یەکێتی بەتەواوی قەناعەتیکردووە، وەک حیزبی پلە دوو مامەڵەبکات، ئاماژەیەکی دیکەی رازیبوونی یەکێتی بەو ڕەشنووسی دەستوورەی ئێستا، ئەوەیە، یەکێتی لەگەڵ ئەوەی خۆی بە حیزبێکی سۆشیال دیموکرات دەزانێت، بەڵام بە عەمەلی لەگەڵ شەرعییەتدان، بە بنەماڵەبوونی سیستمی حوکمڕانی هەرێمدایە...

**بۆ جەماوەری پارتی**، قبوڵکردنی دەستوور بەم شێوەیەی کە هەیە، ئاماژەی ئەوەمان پێدەدات کە جەماوەری پارتی بە درێژایی کارکردن بەدەستوور لەگەڵ ئەوەدان کەسێک دواتریش کوڕەکەیی و نەوەکانی حکومییان بکەن، بۆ جەماوەری غەیرە بارزانی کە لەوبڕوایەدام زۆرینەن، لەناو پارتیدا، قبوڵیانە کە حیزبەکەیان بەفیعلی ببێتە حیزبی بنەماڵە، تا ئەوان و پارتەکەیان هەبێت یەک بنەماڵە حکومییان بکات، (ڕاستە پارتی لەدوای مەلا مستەفاوە مەسعود بارزانی کردووە بە سەرۆک، بەڵام ئەو حیزبە کۆنگرە دەبەستێت و لانیکەم بڕوای بە هەڵبژاردنی ناوخۆ هەیە، دەتوانن ئەو سەرۆکە لاببەن و کەسێکی دیکە بکەنە سەرۆکیان، لە پەیڕەوی ناوخۆی پارتیشدا ئاماژەیەکی وا نابینرێت، کە تەنیا بارزانییەکان سەرۆک بن)، بەڵام ئەگەر ئەو جەماوەرە غەیرە بارزانییە بەمە رازییبن، دەشێت ئەو هەلەیان لەدەست بچێت.

**بۆ حیزبەکانی دیکە جگە لەیەکێتی و پارتی**، ئەگەر بەو ڕەشنووسی دەستوورەی ئێستا هەیە رازیبن، ئەوە ئاماژەی ئەوەمان پێدەدات، کە ئەو حیزبانە بەتایبەت هەندێکیان جگە لە ماکیاجکردنی دەسەڵات (وەک ئەوەی دەسەڵات دەیەوێت بۆ قسەکردنیان لەسەر مەلەسەی فرەحیزبی و دیموکراسی)، هیچی دیکەنییە، ئاماژەی ئەوەشمان پێدەدات، کە ئەو حیزبانە بڕوایان بەوە هێناوە کە هەرگیز ناگەنە دەسەڵات و سەرۆکایەتیان بەرناکەوێت، جا دەڵێن بۆچی ئەو بودجەیەی لە حکومەت هەیانە بە بڕینی بدەن.

**بۆ ڕۆشنبیران و کەسانی بێلایەن و ڕەخنەگرەکان**، ئاماژەی ئەوەمان پێدەدات، کە گرنگ نییە بەلایانەوە کێ دەبێتە سەرۆکیان و کێ تاسەر دەمێنێتەوە وەک سەرۆک، ئەوان تەنیا ئیشییان لەسەر ئەوەیە کە ڕەخنە بگرن و مووچەو ئیشیان لەسەر ئەوەیە کە بنووسن و کۆڕبگرن، بەڵام ئەنجامەکەی چی دەبێت گرنگ نییە.

**بۆ گرووپی ڕەخنەیی ریفۆرمستان** و ئەو کەسانەی کە وەک خۆیان دەڵێن لەبەر نەبوونی شەفافییەت و کۆکردنەوەی دەسەڵاتەکان لای کەسێک، وازیان لە ئیمتیازو پلەوپایەکانیان هێناوەو ژیانی شاهانەیان وەلاناوەو هاتوونە ڕیزی خەڵکەوە، دەبێت بەجدی کار لەسەر ئەوەبکەن کە ئەو دەستوورەی بڕوایان بەم ڕەشنووسەی ئێستای نییە ڕەتیبکەنەوە، جەماوەری ئەوان لێرەدا قورساییەکەی دەردەکەوێت، دەبێت ئیشکردنەکە تەنیا ڕەخنەگرتن نەبێت پێویستی بە گرتنبەری رێوشوێنێک هەیە، کە دەسەڵات وا لێبکات لەو بڕیارەی داوێتی پەشیمان بێتەوە.

**بۆ سەرجەم جەماوەری کوردستان**، کە زۆرینەیان لە چین و توێژە هەژارەکانن، ئەوانەن کە یاساکان لەبەرامبەریاندا کاران و تیخەکانیان تیژن، دەبێت ئەو ڕەشنووسەی ئێستا هەیە، بەیەک دەنگو ڕەتیبکەنەوەو چاوەڕێی فەرمان و ئاراستەی حیزبەکان و سەرکردەکان نەکەن هەر لە دەوامنەکردن، مانگرتنی گشتی و خۆپیشاندان، ئەوەی کە دەکرێت بەشێوەی ئاشتیانەو مەدەنیانە بیگرنەبەر، با جەماوەری کوردستان ئەوە باش بزانن مانگێک بێ کاروکاسپی بن باشترە، لەوەی کە تا مردنیان سەرۆکێکیان هەبێت، بۆنەوەکانیشیان نەوەکانی سەرۆکەکە حکومیان بکات.

Hiwa.jamal@yahoo.com

پەرلەمان، جەماوەر دەهێنێتە سەر شەقام

# شەپۆلی نارەزایی دژ بە پەسەندکردنی دەستووری هەرێم دەستیپێکرد

**ڕۆژنامە**

بۆ ڕێگاگرتن لە پەسەندکردنی پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان لەم قۆناغەدا هەڵمەتێکی نارەزایی دەستپێکردووە، بۆ ئەو مەبەستەش لە چەند ڕۆژی رابردوودا بەرپرسانی ئیداریی پارێزگای سلێمانی و ژمارەیەکی زۆر لە نووسەرو ڕۆشنبیرو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بە توندی پەسەندکردنی دەستوورەکە ڕەتدەکەنەوەو پەسەندکردنی دەستوور لەئێستادا بە «گاڵتەکردن بە ئیرادەو خەون و کەرامەتی هەمووان» لەقەڵەمدەدەن.

دوای درێژکردنەوەی ماوەی کارکردنی پەرلەمانی کوردستان، بەرپرسانی پەرلەمانی ماوەبەسەرچوو ئەوەیان خستەڕوو کە دەیانەوێت لەم خولەدا ڕەشنووسی پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان لە ڕۆژی هەڵبژاردنی پەرلەماندا بخەنە دەنگدانەوەو پەسەندی بکەن، ئەمەش نارەزاییەکی توندی لە شەقامی کوردیدا دروستکرد.

ڕۆژی پێنجشەممەی رابردوو سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لە کۆبوونەوەیەکی ژمارەیەک لە ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانیدا هەڵوێستی ئەنجومەنەکەی ئاشکراکرد، کە بریتییە لە ڕەتکردنەوەی دەنگدان لەسەر دەستوورو ئەنجومەن و داوا لە سەرۆکی هەرێم دەکات، ڕێگانەدات ڕەشنووسی دەستوور لەلایەن ئەم پەرلەمانەی ئێستاوە پەسەندبکرێت، دواتر لە ڕۆژی هەڵبژاردندا خەڵکی کوردستان دەنگی لەسەربدەن، هەمان ڕۆژ فیدراسیۆنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی کە لە (١٤) ڕێکخراو پێکهاتووە، لە شاری سلێمانی لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنەوانیدا پەسەندکردنی دەستووریان لەئێستادا ڕەتکردەوە، جەختی لەسەر ئەوەکردەوە کە ڕێگانەدرێت پرۆژەی دەستووری هەرێم بە پەلەپەل پەسەندبکرێت.

ئارام جەمال، ئەندامی دەستەی بەڕێوەبردنی فیدراسیۆنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، وتی: «لەگەڵ دەستوورێکدانین بەوشێوە ترسنۆکانەو ناشارستانیانە پەسەندبکرێت، بۆیە ئێمە وەکو ئەو ڕێکخراوانەی کە بەتەنگ بەشداریی سیاسی هاوڵاتییانەوەین لە پرۆسەی سیاسی هەرێمی کوردستاندا، بەوپێیەی بەشداریی سیاسی هاوڵاتییان کارێکی گرنگە، ئەگەر بێت و حیزبی دەسەڵاتدار ڕێزی ئەو ئیرادەیە نەگرێت، ئەوکاتە ئێمە موقاعەتەی ئەو دەستوورە دەکەین و داوا لە هاوڵاتییان دەکەین دەنگ بە دەستوورێک نەدەن کە نازانن ناوەڕۆکەی چییە».

لە ٢٠٠٩/٦/٤ـەوە پەرلەمانی کوردستان وادەی یاسایی لەدەستداوە هەرچەند بە بڕیارێک ماوەی کارکردنی خۆی درێژکردەوە، بەڵام لەڕووی یاساییەوە پەرلەمان دوای ئەو وادەیە هیچ شەرعیەتێکی نەماوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پەرلەمان لەهەوڵی ئەوەدایە لەو ماوەیەدا پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان بخرێتە دەنگدانەوەو پەسەندبکرێت، ئەو هەنگاوەش کاردانەوەیەکی توندی لای هاوڵاتییان و ڕۆشنبیرو ڕێکخراوەکانی کوردستان دروستکردووە، لەکاتی سووربوونی پەرلەمان لەسەر پەسەندکردنی دەستوور، چەندین چالاکیی مەدەنی (ئیمزاکۆکردنەوە، مانگرتن و خۆپیشاندان) ئەنجامدەدرێن.

ئارام جەمال ئاماژەی بۆ ئەوەکرد «بۆ ڕەتکردنەوەی پەسەندکردنی پرۆژەی دەستووری هەرێم بەردەوام دەبین لە هەوڵەکانمان و ئەنجامدانی چالاکیی مەدەنی، لەوانە گفتوگۆکردن لەگەڵ لیستو قەوارە سیاسییەکان، هەروەها پەنادەبەینەبەر هەڵمەتی ئیمزاکۆکردنەوە».

هەر لەوبارەیەوە ئەژی جەمال، وتەبێژی نووسینگەی سلێمانی پرۆژەی پەمەیی، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «پەسەندکردنی دەستووری هەرێم لەئێستادا خیانەتکردنە بەرامبەر بە خوێنی شەهیدان»، چونکە تائێستا خەڵک پرۆژەکەی نەخوێندووەتەوەو هاوڵاتییان نازانن چی تێدایە، بۆیە دەبێت هەموولایەک ڕێگانەدەن دەستوور بخرێتە دەنگدانەوەو پەسەندبکرێت، «ئەگەر لەم قۆناغەدا دەستوور پەسەندبکرێت، ئێمە کاردانەوەی زۆر توندمان دەبێت و پەنا دەبەینە بەر مانگرتن و چالاکیی مەدەنیانە».

لەلایەکی دیکەوە ژمارەیەک ڕۆشنبیرو نووسەر لە ڕێگای ڕوونکردنەوەیەکەوە داوای ڕاگرتنی دەنگدان لەسەر دەستووری هەرێم لەم قۆناغەدا دەکەن و پێیانوایە «پەسەندکردنی دەستوور لەئێستادا جارێکی دیکە دابەشبوونە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ناو کۆمەڵگای ئێمە قووڵتردەکاتەوەو دەشێت بیگەیەنێتە دۆخێک کە دەرئەنجامێکی مەترسیدارو نەزانراوی هەبێت».

ڕۆشنبیران پەلەکردن لە پەسەندکردنی دەستووری هەرێم لەم قۆناغەدا بە پلانێکی حیزبی وەسفدەکەن و لە هەمانکاتیشدا پێیانوایە، ئەو هەنگاوە گاڵتەکردنە بە ئیرادەو خەون و کەرامەتی هەمووان.




هەروەک لە ڕوونکردنەوەکەیاندا دەڵێن «ئێمە داوا لە هەموو خەمخۆرانی گاڵتەکردنە بە ئیرادەو خەون و کەرامەتی هەمووان و دزینی مافی گشتییە».

لە ڕوونکردنەوەکەدا هاتووە «ئێمە لە ڕێگای ئەم ڕوونکردنەوەیەوە دەمانەوێت هەموو مانۆڕێکی سیاسی و هەموو خواستێکی حیزبی بۆ پەسەندکردنی دەستووری کوردستان بەم فۆرمە هەڵپڕوکاوو پەلەیە ڕەتبکەینەوە، داواشبکەین لە هەموو خەڵکانی دیموکراسیخواز کە لە مەترسی یاریکردن بە مەسەلەی دەستوور تێبگەن، پەسەندکردنی دەستووری هەرێم لەم قۆناغ و دۆخە پڕ ئیشکالیەتەدا ناچارماندەکات جارێکی دیکە نارەزایی خۆمان بەرامبەر بە هەڵسوکەوتی پەرلەمان و حکومەتی هەرێم دەرببڕینەوە، مەبەست لەم کارەمان ڕێگاگرتنە لە هەموو گەمەکردنێکی سیاسی بە مەسەلەیەکی ستراتیژی وەک دەستوور، کە دەبێت دەربڕی ویستی دروستکردنی ژیانێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی بێت کە قابیلی ڕێزگرتن و باوەڕپێکردن بێت، ئەگەری پەسەندکردنی دەستووری هەرێم لەم قۆناغەدا ستراتیژێکی ترسناکە کە ئازادیی و داکۆکیکەرانی مافی مرۆڤ و هەموو ئەو هێزە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ڕێکخراوە ناحکومیانە دەکەین، کە بە تەنگی ماف و ئەرکەکانی خەڵکی کوردستانەوەن، ڕێگابگرن لە هەر پرۆژەو پلانێکی حیزبی بۆ پەسەندکردنی ڕەشنووسی دەستووری هەرێم بەم فۆرمە نادیارو بەم ڕێگا لێڵەی کە حکومەت و پەرلەمانی کوردستان بە سەرۆکایەتی هەردوو حیزبەکە نیازی جێبەجێکردنیان هەیە، هەروەها ڕووی دەمیشمان لە هەموو ئەو ئەندام و هەوادارو بەرپرس و پەرلەمانتارانەی پارتی و یەکێتییە کە هەست بە نالەباریی و مەترسیی ئەم کارەی حیزبەکانیان دەکەن، دەنگیان بخەنەپاڵ دەنگە ڕەخنەییەکانی کۆمەڵگای ئێمەو نەهێڵن ئەم کارە نایاسایی و پەلەپڕوزکێیە ئەنجامبدرێت، سەپاندنی دەستوور بەمشێوەیە بەسەر میللەتدا گاڵتەکردنە بە ئیرادەو خەون و کەرامەتی هەمووان و دزینی مافی گشتییە لەوەی کە ڕۆڵی ڕاستەقینەی خۆی لە دامەزراندنی بنەماکانی دەوڵەتی یاسادا بگێڕێت».

# ڕۆژی بانگەشەی هەڵبژاردن دیاریکرا

**سامان بەشارەتی**

سەرۆکی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق ئاشکرایکرد، ڕۆژی دووشەممە ٦/٢٢، لیستە بەشداربووەکانی هەڵبژاردن دەتوانن بانگەشە دەستپێبکەن.

دوێنێ لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا فەرەج حەیدەری، سەرۆکی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق، ئاماژەی بەوەکرد، کە هەڵمەتی هەڵبژاردنی قەوارە سیاسییەکان لە ڕۆژی ٦/٢٢دا دەستپێبکەن و تا (٤٨) سەعات پێش دەنگدان بەردەوام دەبێت، وتیشی: «هیواداریین هەموو قەوارە سیاسییەکان پابەندبن بەو یاسایانەی کە کۆمسیۆن دایناوە بۆ هەڵمەتی هەڵبژاردن، هەر لایەنێکیش سەرپێچی ئەو یاسایەی کۆمسیۆن بکات، سزادەدرێت، سزاکەش غەرامەکردن و زیندانیی تێدایە».

سەبارەت بە چۆنێتی هەڵواسینی پۆستەرو لافیتەی قەوارە سیاسییەکان، فەرەج حەیدەری وتی: «هەر قەوارەیەکی سیاسی ئەگەر وێنەو پۆستەری هەبێت، دەبێت لەوشوێنانە هەڵیبواسێت کە لەلایەن شارەوانییەوە دیاریکراوە، ئەوەی سەرپێچی ئەم خاڵە بکات سزادەدرێت و بۆ هیچ قەوارەیەکی سیاسی نییە مزگەوت و بینا حکومییەکان بەکاربهێنێت بۆ هەڵواسینی وێنەو لافیتە بۆ پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن».

فەرەج حەیدەری ئاماژەی بەوەکرد، لەمڕۆوە قەوارە سیاسییەکان بۆیان هەیە بچنە شارەوانی بۆئەوەی جێگای خۆیان بگرن بۆ هەڵواسینی وێنەو لافیتە بۆ پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن.

حەمدیە حسێن، بەرپرسی ئیدارەی هەڵبژاردنی هەرێمی کوردستان، لە کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکەدا ئاماژەی بەوەکرد، لەماوەی ڕابردوودا (٨٤) بنکە بۆ تۆمارکردنی ناوی دەنگدەران لە هەرسێ پارێزگای کوردستان کرایەوە بۆئەوەی هاوڵاتییان بە ئاسانی بتوانن لە ناوەکانی خۆیان دڵنیاببنەوە، بۆ یەکەمجاریشە ٨٠٪ی هاوڵاتییانی هەرێمی کوردستان بەو ڕێژە زۆرە بەشداریی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دەکەن.

(٢٤) قەوارەی سیاسی بەشداریی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دەکەن کە (٥) قەوارەیان هاوپەیمانییان کردووەو (١٩)شیان بە تەنیا بەشداریی کێبڕکێی بەدەستهێنانی کورسییەکانی پەرلەمان دەکەن.

ئەو کەسانەش کە خۆیان کاندیدکردووە بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێم، (٥) کەسن، ڕێژەی ئەو کەسانەشی کە خۆیان پاڵاوتووە بۆ پەرلەمانی کوردستان (٥٠٧) کەسن.

# پرۆسەی بانگەشەی هەڵبژاردنەکان چۆن بەڕێوە بچێت؟

## «ئەگەر ڕاگەیاندنەکان، بە بەرپرسیارێتییەکی ئەخلاقیو کۆمەڵایەتیو یاساییو مێژوویی کارنەکەن، ئەگەری توندوتیژیی هەیە»

دلێر عەبدولخالق

کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان لێکۆڵینەوەی لە پاڵێوراوانی لیستەکان بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان کۆتایی پێهێناو سبەی بانگەشەی هەڵبژاردن لەلایەن لیستو قەوارەکانەوە دەست پێدەکات.

هاوکات پسپۆڕێکی یاسای ڕاگەیاندنیش ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، پێویستە بانگەشەکان لەچوارچێوەی دەرخستنی کارنامەو ناساندنی پاڵێوراوەکان بێت، چونکە بۆ ئەزموونی هەرێم ئاراستەی ڕەخنەگرتن لە کەموکورتی لایەنەکانو کەمکردنەوەی پلەو پایەی کەسەکان، ئەنجامی باشی نابێتو توندوتیژیی لێدەکەوێتەوە.

دوای چاوەڕوانییەکی زۆر، لە (٥)ی ئایاری (٢٠٠٩)و لەدانیشتنێکی پەرلەمانی کوردستاندا، مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، (٢٥)ی تەمموزی وەک ڕۆژی هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان دیاریکرد، لە وتەیەکیشدا لەبەردەمی ئەندامانی پەرلەماندا ئەوەی خستەڕوو، دەبێت هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم لەلایەن خەڵکەوەبێتو ڕازی نابێت پەرلەمان متمانەی پێبەخشێت، بەوەش هەردوو پرۆسەکە واتە هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمو پەرلەمانی کوردستان لەو ڕۆژەدا بەڕێوە دەچن، کە (٢٤) قەوارەو هاوپەیمانی کێبڕکێ دەکەن بۆ بەدەستهێنانی کورسییەکانی پەرلەمانو (٥) پاڵێوراویش بۆ پۆستی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان.

بەپێی پلانی کاری کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان دەبوو لە (٥/٢٣)دا هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردن دەستپێبکات تا (٧/٢٣)، واتە دوو مانگ بخایەنێت، بەڵام دوای ئەوەی نارەزاییەک لەسەر ئاستی جەماوەرییو دواتر ڕەنگدانەوەی لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن سەریهەڵدا لە بەرامبەر درێژیی ئەو ماوەیەدا، پەرلەمانی کوردستان پێنجەمین هەموارکردنی یاسای هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستانی پەسەند کرد لە ڕۆژی (٢٠٠٩/٥/١٣)، کە لە بڕگەی یەکەمی مادەی دووەمیدا هاتووە: «ڕیکلامی هەڵبژاردن لە ڕۆژی دوای ڕاگەیاندنی لیستی پاڵێوراوەکانەوە دەستپێدەکات بە چلوهەشت سەعات پێش پرۆسەی دەنگدان کۆتایی دێت».

دوێنێ شەممە لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنوسیدا لە هەولێر فەرەج حەیدەری سەرۆکی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، ڕایگەیاند: ڕۆژی ٦/٢٢ (واتە سبەی دوو شەممە) بانگەشەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دەست پێدەکاتو هەموو قەوارە سیاسییە بەشداربووەکانی هەڵبژاردنەکە دەتوانن بانگەشە بۆ خۆیان بکەن، بەڵام هەر لایەنێک سەرپێچی بنەماو ڕێساکانی کۆمسیۆنی باڵا بکات سزا دەدرێت،

د.سامان فەوزی پسپۆڕی یاسای ڕاگەیاندن لە زانکۆی سلێمانی گرنگی بانگەشەی هەڵبژاردنەکان ڕووندەکاتەوەو دەڵێت: «بانگەشەی هەڵبژاردن مەسەلەیەکی گرنگی پرۆسەی هەڵبژاردنە، لەبەر ئەوەشە یاساکانی هەڵبژاردنی هەموو وڵاتان، بەشێکی تەرخاندەکرێت بۆ یاساکانی هەڵبژاردن. لە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانیش بانگەشەکردن بە یاسا ڕێکخراوەو مادەی تایبەتیش بۆ سزادانی ئەو لایەنانە دیاریکراوە کە لە چوارچێوەی ئەو یاسایە دەردەچن، جگە لە ڕێنماییەکانی کۆمسیۆنیش کە هەموو ئەمانە وادەکات بانگەشەکان لە چوارچێوەی ئەو یاسایەدا ئاراستە بکرێن.

ئەو پسپۆڕەی یاسای ڕاگەیاندن ئاماژەی بە ئاراستەی بانگەشەی هەڵبژاردنەکان کرد، لەلایەن کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوەو وتی: بانگەشەکردن لە کەناڵێک بۆ کەناڵێکی دیکە دەگۆڕێت، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی بە دوو ئاراستە ئیش دەکرێت. ئاراستەیەکیان بریتیە لە باسکردنو بڵاوکردنەوەی بەرنامەکانی لایەنەکەو شێوازی کارکردنی لەداهاتوو و ناساندنی کاندیدەکان. ئاراستەکەی دیکەیش ڕەخنەگرتنە لە کەموکورتی لایەنەکانو کەمکردنەوەی پلەو پایەی کەسەکان، کە دەخوازین جۆری دووەمیان لە هەرێمی کوردستان پەیڕەو نەکرێت، چونکە «وەک پێویست پایەکانی دیموکراسیەت نەچەسپیوە، هێشتاش ئەزموونێکی ئەوتۆمان نییە لە هەڵبژاردندا، کەواتە ئەنجامی باشی نابێتو توندوتیژیی لێ دەکەوێتەوە».

لە چاوپێکەوتنێکی پێشووی ڕۆژنامەدا، جەبار ئەمین کاندیدی پەرلەمانی یەکێتی ئەوروپا، لەبارەی سروشتی بانگەشەی هەڵبژاردن لە وڵاتانی ئەوروپادا ئاماژەی بەوەکرد، هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردن لەو وڵاتانی ئەوروپیدا، بە ئامانجی شکاندنی کاندیدەکانو سوکایەتیکردن بە کەسایەتییەکان نییە، بەڵکو نیشاندانو ڕوونکردنەوەی بەرنامەی حیزبەکانە بە خەڵک لەپێناو کاریگەری خستنە سەر خەڵک، بۆ ئەوەی دەنگت پێبدەن.

بەڵام بەشێک لە چاودێران مەترسی ئەوە دەکەن، ئەگەر بانگەشەی هەڵبژاردنەکان لە چوارچێوەیەکی یاساییو بەرپرسیارێتییەکی ئەخلاقیو کۆمەڵایەتیو سیاسی بەڕێوە نەچێت، بەتایبەت ئاراستەی ئەو بانگەشانە لەنیگای ئەو کەناڵانەی ڕاستەوخۆ سەر بەلایەنە ڕکابەرەکانی ناو پرۆسەکەن، ئەوا بێگومان توندوتیژییو هاندانی جەماوەری لایەنە ڕکابەرەکانی بەرامبەر یەکتر لێ دەکەوێتەوە.

لەوبارەیەوە د.سامان فەوزی پێیوایە، ئەگەر توندوتیژیی لەو ماوەیەدا دروست بێت، هۆکاری سەرەکی ڕاگەیاندنەکان دەبن، چونکە کاریگەری زۆریان لەسەر جەماوەر هەیەو بە بەکارهێنانی زمانی زبر لایەنگرانی لایەنەکان هاندەدەن لە دژی یەکتر کە دەبێتە هۆی ئەوەی توندتیژیی بەرامبەر یەکتر بنوێنن. وتیشی: «ڕاگەیاندنەکانی لایەنە ڕکابەرەکانی ئەم هەڵبژاردنە، بەرپرسیارێتییەکی ئەخلاقیو کۆمەڵایەتیو سیاسیو مێژوویان لەسەر شانە، بەوەی کارێک نەکەن کە ئەنجامی خراپی لێبکەوێتەوە، کە ئەزموونو کەلتووری کوردی لەبەرچاوی وڵاتانی دەرەوە ناشیرین بکات».

نەوشیروان مستەفا سەرۆکی لیستی گۆڕان لە چاوپێکەوتنێکی تایبەتدا لەگەڵ کەناڵی (KNN)دا، لەبارەی چۆنێتی سروشتی بانگەشەکردنی لیستەکەی، ئاماژەی بەوەکرد، کەمپەینی هەڵبژاردن دوو جۆری سەرەکی هەیە، یەکەمیان: لایەنێک پڕوپاگەندە دەکات، بە شێوەیەک کە بۆ شکاندنو سوکایەتیکردنی بە کەسایەتیەکانی لایەنەکەی دیکە، هەر لەو ڕێگایەشەوە دەیەوێت ناوەڕۆکی بەرنامەی بەرامبەرەکەی چەواشە بکات. جۆری دووەمیش، هەموو ئەو لایەنە فەرامۆشدەکاتو تەئکید دەکات لەسەر ڕوونکردنەوەی بەندەکانی بەرنامەکەی خۆیو ڕوونکردنەوەی ئەو کەسایەتیانەی نوێنەرایەتی ئەو لیستە دەکەن. وتیشی: «ئێمە هەوڵدەدەین ڕێگەی دووەم بگرین، واتە لەبری هێرشکردن، پاڵێوراوەکانمان بەخەڵک دەناسێنینو خۆشیان لەسەر تەلەفزیۆن بیرو بۆچوونەکانیان بڵاودەکەنەوەو بەرنامەکەشمان بەچاکترین شێوە بۆ خەڵک ڕووندەکەینەوە».

نەوشیروان مستەفا لەو دیدارە تەلەفزیۆنییەدا هۆکاری گرتنەبەری ئەو شێوازەی بۆ ئەوە گەڕاندەوە، تا خەڵک خۆی بزانێت بەرنامەو کەسایەتییەکانی لیستی گۆڕان لەگەڵ لایەنەکانی دیکەدا جیاوازی چییە.

هەموو لیستەکانی ناو هەڵبژاردن، دوای تۆمارکردنی ناوی لیستەکانیان لە ئۆفیسەکانی کۆمسیۆن، چوارچێوەی ئاکاری (قواعد السلوك)یان پەسەندکردووە، کە تیایدا خۆیان پابەند کردووە بە کارکردن لە چوارچێوەی ئەو یاسایانەی پەرلەمانو ئەو سیستەمو ڕێنماییانەی کۆمسیۆن دەریکردوون، بۆ سروشتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکان.

تاهیر محەمەد ئەمین لێپرسراوی ئۆفیسی سلێمانی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: پرەنسیپەکان، بنچینەکان، مادە یاساییەکانی پەرلەمانو کۆی ئەو سیستەمەی کۆمسیۆن دایناوە بۆ هەڵمەتی بانگەشەکردن، دەبێت ڕەچاو بکرێت لەلایەن لیستە جیاوازەکانی هەڵبژاردنەوە، بەپێچەوانەوە قەوارە سیاسییەکان دووچاری سزا دەبن، سزاکانیش لەغەرامەوە دەستپێدەکات تا دەستبەسەرکردنو سووتاندنی دەنگی قەوارەی سیاسیشی تێدایە.

لە چوارچێوەی ئاکاری (قواعد السلوك)دا، هەموو قەوارەیەک خۆی پەیوەستکردووە بە دوو خاڵی گرنگەوە، یەکەم: لیستەکان هەماهەنگی یەکتر دەکەن، بۆ ئەوەی ئەو شوێنەی کۆبوونەوەی گشتیو بۆ هەڵمەتی هەڵبژاردنی لایەنێک بەکاردێت، دژایەتی دروست نەکات لەگەڵ قەوارەیەکی دیکە. دووەم: هیچ قەوارەیەکی سیاسی بۆی نییە، کۆڕو کۆبوونەوەی لیستێکی دیکە تێکبداتو بیکاتە هەڵمەتی بانگەشەی خۆی، یان هەڕەشە لە لیستی دیکە بکاتو زمانی زبر بەکاربهێنێت.

بەپێی ڕێنماییەکانی کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان، نابێت هەندێک شوێن بانگەشەی هەڵبژاردنی تێدا بکرێت، وەک وەزارەتەکانو بەڕێوەبەرێتیو فەرمانگە حکومییەکان، ناشبێت بیناکانی دیکەی وەک قایمقامیەتەکانو ناحیەو ئاسایشو پۆلیس بۆ ئەو مەبەستە بەکاربێن.

لێپرسراوی ئۆفیسی سلێمانی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان بۆ ڕۆژنامەی ڕوونکردەوە بەپێی یاساو ڕێنماییەکانی کۆمسیۆن، هەموو لیستێکی بەشداربووی هەڵبژاردنەکان دەبێت چوارچێوەی بانگەشەکەی بۆ بەرنامەی خۆی بێتو سروشتی کارکردنی بۆ ئایندەو لێهاتووی پاڵێوراوەکانی ڕوونبکاتەوەو بەخەڵک بگەیەنێت، بەڵام نابێت بانگەشەی لایەنێک دژی لایەنێکی دیکە بۆ ناوزڕاندنو سووکایەتی بێتو بۆنی هەڕەشەو گوڕەشەی لێبێت، «ئەگەر سکاڵاو نارەزایی هەبێت، ئەنجومەنی کۆمسیارانی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان دەتوانن بڕیار بدەن بەرامبەر ئەو لیستانەی پێشێلکارییان بەرامبەر لیستی دیکە کردووە، ئەمەش لەبەردەم هەیئەیەکی قەزاییدا بڕیاری کۆتای لەسەر دەدرێت».

**«ڕاگەیاندنەکانی لایەنە ڕکابەرەکانی ئەم هەڵبژاردنە، بەرپرسیارێتییەکی ئەخلاقیو کۆمەڵایەتیو سیاسیو مێژوویان لەسەر شانە، بەوەی کارێک نەکەن کە ئەنجامی خراپی لێبکەوێتەوە، کە ئەزموونو کەلتووری کوردی لەبەرچاوی وڵاتانی دەرەوە ناشیرین بکات».**

**«ئێمە هەوڵدەدەین ڕێگەی دووەم بگرین، واتە لەبری هێرشکردن، پاڵێوراوەکانمان بەخەڵک دەناسێنینو خۆشیان لەسەر تەلەفزیۆن بیرو بۆچوونەکانیان بڵاودەکەنەوەو بەرنامەکەشمان بەچاکترین شێوە بۆ خەڵک ڕووندەکەینەوە»**

**نابێت بانگەشەی لایەنێک دژی لایەنێکی دیکە بۆ ناوزڕاندنو سووکایەتی بێتو بۆنی هەڕەشەو گوڕەشەی لێبێت. «ئەگەر سکاڵاو نارەزایی هەبێت، ئەنجومەنی کۆمسیارانی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان دەتوانن بڕیار بدەن بەرامبەر ئەو لیستانەی پێشێلکارییان بەرامبەر لیستی دیکە کردووە»**

**لە چوارچێوەی ئاکاری (قواعد السلوك)دا، پێویستە، یەکەم: لیستەکان هەماهەنگی یەکتر دەکەن، بۆ ئەوەی ئەو شوێنەی کۆبوونەوەی گشتیو بۆ هەڵمەتی هەڵبژاردنی لایەنێک بەکاردێت، دژایەتی دروست نەکات لەگەڵ قەوارەیەکی دیکە. دووەم: هیچ قەوارەیەکی سیاسی بۆی نییە، کۆڕو کۆبوونەوەی لیستێکی دیکە تێکبداتو بیکاتە هەڵمەتی بانگەشەی خۆی، یان هەڕەشە لە لیستی دیکە بکاتو زمانی زبر بەکاربهێنێت.**

# بەبێ چوارچێوەیەکی یاسایی

# کۆمسیۆن ناتوانێت ڕاپرسی لەسەر دەستوور بکات

هەستیار قادر

پسپۆڕێکی دەستووریی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە ڕیفراندۆمی جەماوەری لەسەر دەستووری هەرێمی کوردستان پێویستی بەیاسای ڕاپرسی هەیەو کۆمسیۆنیش دەڵێت: «بەبێ چوارچێوەیەکی یاسایی ناتوانین ڕاپرسی لەسەر دەستووری هەرێم ئەنجام بدەین».

## ڕاپرسی دەستوور پێویستی بەیاسا هەیە

بەدەر لە ئامادەکاریی‌و ئامادەیی پێویستی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بۆ ئەنجامدانی ڕاپرسی لەسەر دەستووری هەرێمی کوردستان، بە وتەی پسپۆڕانی بواری دەستووریی‌و یاسایی، ئەنجامدانی ئەو پرۆسەیە پێویستی بە دەرکردنی یاسایەکی تایبەتی هەیە بۆ دەستنیشانکردنی شێوازی ڕاپرسیەکە هەیە لەلایەن پەرلەمانەوە،

تەها عومەر ڕەشید پسپۆڕی دەستووریی‌و یاسایی بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «دەبێت یاسایەک هەبێت وردەکاری چۆنێتی ئەنجامدانی ڕاپرسی تیابێت لەسەر دەستوور، کە کێ بۆی هەیە بەشداری بکات. ڕێژەی دەنگدەران چەندەو سەرباری ئەوەش دەبێت ڕەشنووسی دەستوورەکەش بخرێتە بەردەم هاوڵاتییان».

ئەو پسپۆڕەی دەستوور ئاماژەی بە کێشەکەی دیکەش کرد، کە ئەویش دەنگەکانی هاوڵاتیانی ناوچە کوردییەکانی دەرەوەی هەرێمەو «تێپەڕاندنی دەستوور بەبێ بەشداری کوردانی ئەو ناوچانە بەسەر هەرێمدا دەشکێتەوە».

لە (٢٠٠٨/١١/٢٦) پەرلەمانی کوردستان یاسایەکی دەکرد بەناوی (یاسایی پەسەندکردنی دەستووری هەرێمی کوردستان‌و تیایدا میکانیزمی دانانی دەستووری بە ئامانجی سەرەکی بڕیارەکە دانراوەو بەر لە ڕاپرسی جەماوەریش شەرعیەتی پەسەندکردنی دەستووری داوەتە پەرلەمان، بەمەرجێک دوو لەسەر سێی دەنگەکانی پەرلەمانتارانی لەگەڵ بێت».

هەرچەندە لە مادەی هەشتەمی ئەو یاسایەدا ئاماژە بەوە دراوە، کە دەبێت حکومەتی هەرێم بە هەمئاهەنگی لەگەڵ کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان پێداویستییەکانی ئەو ڕاپرسیە ئامادە بکات‌و کۆمسیۆن سەرپەرشتی ئەو ڕاپرسیە بکات، بەڵام تەواوی دەقی یاساکە ئەو پێشنیازو تێبینییانەی تێدانییە کە کۆمسیۆن داویەتییە سەرۆکایەتی پەرلەمان تا لە چوارچێوەی یاسایەکدا بۆ ڕاپرسی جێگەی بکرێتەوە.

سەردار عەبدولکەریم ئەندامی ئەنجومەنی کۆمسیارانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لەعێراق، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: ئێمە وەک کۆمسیۆن پێشنیازمان بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کردووە، کە دەبێت چواچێوەیەکی یاسایی هەبێت لەشێوەی یاساییداو تیایدا ژمارەی دەنگدەرانی هەرێم‌و ڕێژەی دەنگی پێویست بۆ بەشداریی‌و پەسەندکردنی دەستووری هەرێم‌و جۆری پرسیاری ناو ڕاپرسیەکەی تێدابێت «بەبێ ئەو چوارچێوە یاساییەش ناتوانین ڕاپرسیی لەسەر دەستووری هەرێم بکەین».

دووفاقی ئەو دوو پێوەرە لەنێوان یاساکەی پەرلەمانی کوردستان‌و پێشنیازو داواکانی کۆمسیۆندا پێویستی هەمووارکردنەوەی یاساکە دەهێنێتە ئاراوە.

زانا ڕۆستایی ئەندامی لیژنەی دارشتنەوەی دەستوور لە پەرلەمانی کوردستان بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «دەبێت یاسای پەسەندکردنی دەستووری هەرێمی کوردستان بەپێی ئەو تێبینیانەی کۆمسیۆن هەموار بکرێتەوە وەک چۆن هەر لەسەر داوای کۆمسیۆن یاسای هەڵبژاردنی هەرێم هەموارکرایەوە»

## کۆبوونی خۆراک یان سەرژمێریی

یەکێک لەو کێشانەی دیکە کە لەگەڵ نزیکبوونەوەی وادەی هەڵبژاردن یان ئەنجامدانی ڕاپرسیدا لە هەرێمی کوردستان‌و عێراقیشدا باسی لێوە دەکرێت‌و کراوە، پشتبەستنی کۆمسیۆنە بە زانیاری کۆبوونی خۆراکی مانگانەی هاوڵاتییان کە لەلایەن وەزارەتی بازرگانییەوە تۆمارکراوەو لە دوای ساڵی (٢٠٠٣)وە بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان‌و پەسەندکردنی دەستووری عێراقیش پشتی پێ بەستراوە.

بەڕای د.ئەحمەد ئەنوەر ئەندامی لیژنەی دەستووری‌و یاسایی لەئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق «زانیاری‌و ئامارەکانی کۆبوونی خۆراک لە عێراقدا زۆر ورد نییە تا بۆ هەڵبژاردن پشتی پێ ببەسترێت» لەوبارەیەوە بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «ئاماژەکان بۆ ئەوە دەچن کە لە هەڵبژاردنی داهاتووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقیش پشت بە زانیاری کۆبوونی خۆراک ببەستێت، بەوپێیەی سەرژمێری گشتی عێراق کە بڕیارە ئەمساڵ ئەنجام بدرێت ماوەیەکی زۆری دەوێت‌و باشترین بەیانات کە ئێستا لەبەر دەستدایە کۆبوونی خۆراکە».

## دەستووری هەرێم لەبەردەم هاوتا عێراقییەکەیدا

لە مادەی (١٣)ەی دەستووری هەمیشەیی عێراقدا هاتووە: «دەستووری عێراق باڵاترین یاسایە لە عێراقداو سەرجەم ناوچەکانی عێراق بەبێ جیاوازی دەبێت پەیوەستبن پێوەی‌و نابێت هیچ یاسایەکیش گەڵاڵە بکرێت کە دژ بە دەستوور بێت‌و هەر دەقێکیش لە دەستووری هەرێمەکاندا دژ بە دەستوور بێت کاری پێناکرێت‌و بەتاڵدەبێتەوە».

لەبەر ڕۆشنایی ئەو مادەیەی دەستووری عێراقییدا؛ پێویستە مادە بنەڕەتیەکانی دەستووری هەرێمیش هاوتابن لەگەڵ دەستووری عێراقداو دژ بە مادەکانی نەبن، بە وتەی سەردار عەبدولکەریم ئەندامی ئەنجومەنی کۆمسیارانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان «دەبێت بەر لە دەنگدان لەسەر دەستووری هەرێم دەستەیەکی تایبەتی عێراقی وردبینی ئەوە بکات کە ئەو دەستوورە لەگەڵ دەستووری عێراقدا دەگونجێت یان نا».

سەبارەت بە لایەنی پەیوەندیداری ئەو مەسەلەیەو یەکلاییکردنەوەی دژیەکی نێوان دەستووری هەرێم‌و عێراق، د.ئەحمەد ئەنوەر ڕوونیکردەوە؛ دادگای فیدراڵی عێراقی دەتوانێت ئەو کێشە دەستووریانە یەکلایی بکاتەوە بەمەرجێک لەلایەن حکومەت یان پەرلەمان یان هەر لایەنێک چ هەرێم‌و چ ناوەند داوایەکی پێشکەش بکرێت».

# دوای حەڤدە ساڵ

# هەرێم کار بە بنەمای هەڵبژاردنەکانی ساڵی (١٩٩٢) دەکات

محەمەد ساڵح حەمەلاو

دوای تێپەڕبوونی حەڤدە ساڵ لە دەرچوونی یاسای هەڵبژاردنەکان، هەرێم کار بەبنەماکانی ئەو هەڵبژاردنە دەکات کە لەساڵی (١٩٩٢)دا دانراوە، شارەزایەکی بواری هەڵبژاردنیش ئاماژە بەوەدەکات، یاسای هەڵبژاردنەکانی هەرێم حەوت دەروازەیەو تەنیا دەروازەی یەکەم‌و دووەم‌و شەشەم باس لە هەڵبژاردن دەکات‌و دەروازەکانی دیکەی باس لە چۆنێتی بەڕێوەچوونی کارەکانی پەرلەمان دەکات.

هەرچەندە حەڤدە ساڵ بەسەر پەسەندکردنی یاسای هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستاندا تێپەڕیوەو چەندین گۆڕانکاریی لەسەر ئاستی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌و ژمارەی دەنگدەران لەماوەی ئەم حەڤدە ساڵەدا ڕوویانداوە، بەڵام تائێستا لە کوردستان لەسەر هەمان بنەمای هەڵبژاردنەکانی ساڵی (١٩٩٢) هەڵبژاردن ئەنجامدەدرێت‌و ژمارەی کورسییەکانی پەرلەمانیش دیاریدەکرێت. دادوەر عەبدولکەریم هەمەوەندی، بڕیاردەری لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: دیاریکردنی ڕێژەی (١١١) کورسی پەرلەمان لەسەر بنەمای، ئەوەیە کە هەر (٣٠) هەزار دەنگدەرێک کورسییەکی بۆ دیاریکراوە، زیادکردنی ڕێژەی کورسییەکانی پەرلەمانی کوردستان لە دەسەڵاتی پەرلەماندایەو دەکرێت لەدوای خولی داهاتووی پەرلەمانەوە بە یاسایەک ڕێژەکەی زیادبکرێت.

پێشتر ژمارەی کورسییەکانی پەرلەمانی کوردستان، (١٠١) کورسی بوو، بەڵام دوای هەموارکردنی یاسای هەڵبژاردنەکان، ژمارەی کورسییەکانی پەرلەمانی کوردستان کرا بە (١١١) کورسی.

د. نوری تاڵەبانی، شارەزای بواری یاسایی‌و دەستوری‌و ئەندامی پەرلەمانی کوردستان، لەلێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامە وتی: پێویستە پەرلەمانی کوردستان بڕیار لەسەر ئەوە بدات کە ئاخۆ دەتوانێت ژمارەی کورسییەکانی زیادبکات یان نا، «واباشترە ئەو مەسەلەیە دوابخرێت بۆ خولی سێیەمی پەرلەمان، چونکە لەئێستادا پەرلەمان ناتوانێت بڕیار لەسەر ئەوە بدات‌و کاتی زۆری دەوێت».

> **د. نوری تاڵەبانی:**
>
> **هەرێمی کوردستان پێویستی بە یاسایەکی نوێی هەڵبژاردن هەیە کە لەسەرەتاوە دابڕێژرێتەوەو لەگەڵ گۆڕانکارییەکان‌و هەلومەرجی ئێستای کوردستانیشدا بگونجێت**

هەرچەندە یاسای هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان تائێستا پێنج جار هەموارکراوە، بەڵام بە بۆچوونی د.نوری تاڵەبانی «هەموو ئەو گۆڕانکاریی‌و هەموارکردنانە بۆ بارودۆخێکی تایبەتی کوردستان بووە، هەربۆیە هەرێمی کوردستان پێویستی بە یاسایەکی نوێی هەڵبژاردن هەیە کە لەسەرەتاوە دابڕێژرێتەوەو لەگەڵ گۆڕانکارییەکان‌و هەلومەرجی ئێستای کوردستانیشدا بگونجێت».

لە (١١١) کورسییەکەی پەرلەمانی کوردستان، (١٠٠) کورسیان گشتییە، بەڵام (١١) کورسییەکەی دیکەیان تایبەتە بە کەمینەکانی تورکمان‌و (کلدان ئاشووری سریانی)و ئەرمەنەکان.

تاهیر محەمەد، بەڕێوەبەری ئۆفیسی سلێمانی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: کۆمسیۆن لایەنی جێبەجێکارەو بەڕێوەبردنی کارەکانیشی لەسەر بنەمای یاسایە کە لەلایەن پەرلەمانەوە دەردەچێت، «لە هەڵبژاردنەکاندا ژمارەی دەنگدەری ڕاستەقینە واتە ئەو ژمارەیەی کە دەنگیان بە لیستەکان، داوەو کارتی دەنگدانەکانیان تەلەف نەکراوە، یاخود کارتەکانیان بە سپێتی نەکردووەتە سندووقەکانەوە، جیادەکرێنەوەو دوای بژاردنیان دابەشی (١٠٠) کورسییەکە دەکرێت‌و ڕێژەی کورسییەکانی پەرلەمانی پێ دیاریدەکرێت».

لە سیستمی هەڵبژاردنەکاندا دوو سیستم پەیڕەودەکرێت، لە یەکێکیاندا ژمارەی دەنگدەر بۆ کورسییەکان پەیڕەودەکرێت، بە نموونە (٣٠) هەزار دەنگدەر بۆ هەر کورسییەک دیاری دەکرێت، بەڵام لە سیستمی دووەمیاندا ژمارەی کورسییەکان بە دیاریکراوی دەمێنێتەوەو ژمارەی دەنگی پێویست بۆ کورسییەکان زیاد دەکرێت، بەم پێیەش ژمارەی دەنگدەرەکان بۆ هەر کورسییەک ئۆتۆماتیکی زیاد دەکات.

یاسای هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان کە لەساڵی ١٩٩٢دا پەسەندکراوە، بەڵام تائێستا پێنج جار لەساڵانی (١٩٩٤و ١٩٩٨و ٢٠٠٤و ٢٠٠٩)دا هەموارکراوەتەوە.

سەرکەوت حەمەحسێن، جێگری بەڕێوەبەری پەیمانگای کوردی بۆ هەڵبژاردنەکان، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: یاسایەک کە لەساڵی (١٩٩٢)ەوە داڕێژرابێت، پێویستی بە چەندین گۆڕانکاریی هەیە، لەوانە لەوکاتەوە بڕیاربووە بۆ هەر دەنگدەرێک پسوڵەیەکی دەنگدانی تایبەت ئامادەبکرێت، بەڵام تائێستا ئەوە نەکراوەو تائێستاش لایەنی جێبەجێکار لە پێشێلکارییەکان دیارینەکراوە، هەربۆیە لە حاڵەتی پێشێلکارییەکاندا لایەنێکی جێبەجێکاری بەهێز بوونی نییە.

سەرکەوت پێشیوابوو «ئەو کۆمسیۆنەی کە لە بەغدا هەیە، زۆر بەهێز نییە، چونکە پشتگیرییەکی یاسایی پتەوی نییەو لە یاساکەشدا تەمەنی کۆمسیۆنەکە دیارینەکراوە، بوونی ئەو بنەمایانەش ڕێگا بۆ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی خۆشدەکات‌و هۆشیاریی زیاتریش دەدات بە دەنگدەر، ئەوە جگە لەوەی کۆمەڵێک ڕێنوێنیش دەربارەی بانگەشەکانی هەڵبژاردن هەیە کە تائێستا لە یاساکەدا بەڕوونی باسنەکراون‌و دیاریکردنی فەرمانبەرانی سەر سندوقەکانیش کە لە یاساکەدا باسنەکراوە، یەکێکی دیکەیە لە کەموکوڕییەکانی یاسای هەڵبژاردنەکان‌و هەرجارەی کۆمسیۆن بەپێی پێداویستی خۆی دیاریکردووە».

پێشتر لە یاسای هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستاندا ژمارەی دەنگدەرانی بۆ هەر کورسییەک دیاریکرابوو، بەڵام ئێستا ئەو بنەمایە گۆڕاوەو کورسییەکانی پەرلەمان دیاریکراوەو ژمارەی دەنگدەرەکانیان گۆڕیوە.

جێگری بەڕێوەبەری پەیمانگای کوردی بۆ هەڵبژاردن ئەوەشی ڕوونکردەوە «یاسای هەڵبژاردن حەوت دەروازەیەو تەنیا دەروازەی یەکەم‌و دووەم‌و شەشەم باس لە هەڵبژاردن دەکات، دەروازەکانی سێیەم‌و چوارەم‌و پێنجەم‌و حەوتەم باس لە چۆنێتی بەڕێوەچوونی کارەکانی پەرلەمان دەکات، کە دەکرا ئەو شتانە لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەماندا جێی بکرایەتەوە، هەربۆیە ئێستا یاساکە پێویستی بە (١٩) گۆڕانکاریی هەیە، چونکە کۆمەڵێک مادەی تێدایە پەیوەندیان بە هەڵبژاردنەوە نییە، بەڵکو پەیوەندیان بە کاروباری ئەو کەسانەوە هەیە کە دەنگدەر هەڵیاندەبژێرێت».

ڕاشیگەیاند: یاسای هەڵبژاردنەکان پێویستی بە سەرلەنوێ داڕشتنەوە هەیە، چونکە هەموارکردنەکانیش لەلایەن پەرلەمانەوە یەکانگیر نەکراوە، «ئەگەر کەسێک بیەوێت سەیری یاساکە بکات، دەبێت شەش لاپەڕەی لەبەردەستدابێت کە یەکێکیان یاسا بنەڕەتییەکەیەو پێنجەکەی دیکەشیان پێنج هەموارەکەیە، کە ئەوەش کارێکی نەگونجاوە».

> **سەرکەوت حەمەحسێن: یاسایەک کە لە ساڵی (١٩٩٢)ەوە داڕێژرابێت، پێویستی بە چەندین گۆڕانکاریی هەیە، لەوانە لەوکاتەوە بڕیاربووە بۆ هەر دەنگدەرێک پسوڵەیەکی دەنگدانی تایبەت ئامادەبکرێت، بەڵام تائێستا ئەوە نەکراوە**

# ـــــندەی لە کەرتی تایبەتو دامەزراوە سەربەخۆکان داوە

**تا گۆڕانکاریی ریشەییو گەورە لە زیهنو روانینو دنیابینیماندا دروست نەکەین، هەرگیز ناتوانین بچووکترین گۆڕان لە ژیانو واقیعدا دروستبکەین. گۆڕان هەڵواسینی لافیتەیەکی رەنگاوڕەنگ نییە بەدیواری بارەگایەکی حیزبییدا**

بەڵام نەمانتوانیبێت گۆڕانی گەورە بکەین لە دەروونو خەیاڵو خەونو خولیاو بیرکردنەوەو روانیماندا، ئەوا بێگومان وەک چۆن ئێستا کۆمەڵگایەکت هەیە زەلیلو دیلی دیموکراسیەتێکی ساختەو وەهمییە، ئاوەهاش ئەم کۆمەڵگایە دەبێتە بەرهەمهێنەری ئینسانی زەلیل لەبەردەم دروشمو هوتافە وەهمییەکاندا.

گۆڕان بەبێ شەرکردن لەسەر ئازادییەکان مەحاڵە، ئێمە پێویستمان بە جەنگاوەری ئازادیی هەیە، ئازادیی تەنیا بریتی نییە لەوەی بڕژێینە سەرشەقامەکانو داوای ئازادیی بکەین، یان هاواربکەینو بڵێین ئێمە ئازادنینو ئازادیمان دەوێت، ئازادیی بەرلەوەی ببێتە هاوارێکی راستەقینە، تێگەیشتنێکی راستەقینەو روانینو دنیابینییەکی ئازادانەیە بۆ پراکتیزەکردنی ژیانو کردەو بیروڕای راستەقینە، رەنگە بەر لە هەرشتێک ئازادیی مرۆڤ لە خەونێکی راستەقینەوە سەرچاوە بگرێت، بەڵام دواتر یان بە خەونێکی ساختە کۆتایی دێت، یان دەبێتە شتێکی راستەقینەی ژیاریی، دەبێت لەوەش تێبگەین کە ئەوانەی چەکی ئازادیان لەشاندا بووەو شەڕیان لەسەر ئازادیی کردووە، رەنگە پاش سەرکەوتن ببنە کوشندەیەکی گەورەی ئازادییە راستەقینەکانی تاکەکەسو چەواشەکەرێکی گاڵتەجاڕ بۆ تێکدانی زەوقو چەشەی رۆشنبیریی‌و فەرهەنگی‌و شارستانی.

ئازادییەکانی مرۆڤ چەند پەیوەندی بە سایکۆلۆژیای مرۆڤو بەها رۆحییەکانەوە هەیە، دە ئەوەندەش پەیوەندی بە کۆمەڵگاو ئەو ئاستە ژیارییەوە هەیە کە مرۆڤەکان دەبەستێتەوە بە رێکخەرێکی پەیوەندیئامێزی شارستانی‌و فەرهەنگی‌و ئاستێکی ئاسایی خۆشگوزەرانییەوە.

**رۆژنامە: ئایا ئەو بیرکردنەوەیە راستە کە دەڵێت نەوەی نوێ لە کوردستاندا هەر بە گەنجی پیربوون؟**

* کۆمەڵگای کورد لەئاستی روانینو دنیابینیدا کۆمەڵگایەکی هەژارو وێرانە، لەئاستی دەسەڵاتو بەڕێوەبردنیشدا بێگومان دنیا دەزانێت کە خاوەنی دەسەڵاتگەلێکی گەندەڵو وێرانو بەرژەوەندی پەرستو نابەرپرسیارین، هاوکات لەڕووی کرانەوەی شارستانی‌و فەرهەنگییەوە، چەند لەئاستێکی داخراوو ناپەیوەندی‌و گۆڕاندایە، ئەم کۆمەڵگایە بێئەندازە شەکەتو ماندووی ستەمکاری حیزبی‌و داگیرکاریی‌و دەرەبەگخوازی حیزبو بەرپرسو دەسەڵاتدارە جاهیلو نامەعریفییەکانە، بێگومان حیزب لەم کۆمەڵگایەدا داگیرکارو کاولکارێکی راستەقینەی ئاستی گەشەی فەرهەنگی‌و رۆشنبیریی‌و ئابووری‌و شارستانییە، پێکڕا ئەمانە بوونەتە پەکخستنو کوشتنی کۆمەڵگاو گەنجو سەرلەبەری جومگە زیندووەکانی کۆمەڵگاو سیاسەتو ئابووری‌و شارستانی.

ئیتر لەم سەروبەندە دژوارەدا سەرلەبەری توێژو رەگەزو تەمەنەکان شوناسی راستەقینەی خۆیان ونکردووە، گەنجان لە بۆشاییەکی راستەقینەی گەورەدا دەژین، من کە باس لە گەنج دەکەم مەبەستم کچانیشە، رەنگە کەمترین قسە لەسەر کچ کرابێت، لێرەدا ناکرێت زۆر بە گشتی قسەبکەین، لەبەرئەوە دەکرێت کەمێک باس لە توێژێکی گەورەی ئینسان بکەین کە کچانی کۆمەڵگایە، لەڕاستیدا سەد دەر سەدی کیژۆڵەو کچانی ئەم کۆمەڵگایە لە خێزانەوە تا عەشیرەتو تا خێڵو تا حیزبیش، بوونەتە خزمەتکاری ئەم کۆمەڵگایە، ئەم خزمەتکارییە پرۆسەیەکی دووروودرێژە بۆ بچوککردنەوەی رەگەزی مێ لەناو کۆمەڵگادا، بنیاتکردنی ئەو مرۆڤەی کە ناوی کچو کیژۆڵەیە، پرۆسەیەکە بۆ بچووکردنەوەی خەونو خولیاکان، لەئاستێکی بچووکی ماڵو بەخێوکردنو خزمەتکردندا، بچووککردنەوەی ژیان بۆ ئاستێکی وا نزم، بچووککردنەوەی ئەو بوونەوەرەیە بۆ ئاستێکی زۆر بچوکی فەرهەنگی‌و کۆمەڵایەتی کە لەڕێیەوە خولیاکانی ئەم نەوە پەراوێزە زیاترو زیاتر بەرەو کونجە تاریکو لەبیرکراوەکان بچووک دەبنەوە، بۆ بوونەوەرێکی ماڵی‌و رامکراو لە مەودایەکی داخراوی ئەخلاقی‌و کۆمەڵایەتیداو نزمکردنەوەی بۆ ئاستێکی دابڕاوی نائەکتیڤو پەنهان، رەخنەی ئێمە لێرەوە دەستپێدەکاتو لێرەوە سەرچاوە دەگرێت، رامکردنی مرۆڤ لە کۆمەڵگایەکدا لەڕێی کۆمەڵێک میکانیزمو هێزی جیاجیاوە ئەنجام دەدرێت، هەڵبەت لەمجۆرە کۆمەڵگایانەدا رامکردنوماڵیکردنی کچو کیژۆڵەکان لەڕێی فەرهەنگو دابونەریتو خێزانو دەسەڵاتی پیاوسالارییەوەیە کە کۆمەڵێک هێزن بۆ ئەنجامدانی ئەم پرۆسەیە.

پرۆسەیەکە کە خەونو خولیاو ئارەزووەکانیش بێئەندازە بچووکدەبنەوە، هەڵبەت ئەم پرۆسەیە پرۆسەیەکی دوورودرێژی ئەخلاقی‌و کلتووری‌و کۆمەڵایەتییە، لەڕاستیدا تەنیا گەمەیەکی فەرهەنگی نییە بۆ فەرامۆشکردنی لایەکی کۆمەڵگا.

لەراستیدا پەکخستنو پیرکردنی گەنج لە کۆمەڵگای کوردیدا بە گشتی لەو فەزا دژوارو وێرانەوە سەرچاوە دەگرێت، کە لە ماڵو خێزانو عەشرەتو قەبیلەو بنەماڵەوە درێژ دەبێتەوە تا حیزبو دەزگاو ناوەندو پێکهاتە کۆمەڵایەتی‌و فەرهەنگی‌و پەروەردەیی‌و ئابوورییەکان، کەواتە پێوستە گۆڕان لە سەرلەبەری جومگە هەستیارو شارستانی‌و فەرهەنگی‌و ئەخلاقییەکاندا بەرپابکرێت، دەبێت روانینو دنیابینییە راستەقینەکان زیندووبکرێنەوە، دەبێت نرخو بەها ئینسانی‌و ئەخلاقی‌و شارستانییەکان بگەڕێنینەوە بۆ مرۆڤ، ئەمەش پرۆسەیەکی دوورودرێژی شارستانی‌و رۆشنبیریی زیندووە بۆ رزگارکردنی نەوەی نوێ لە کۆتوبەندی بێمانایی‌و بێئیرادەیی‌و زەلیلی دەستی حیزبو کۆمەڵگا.

**رۆژنامە: بۆچی زۆرینەی گەنجان لە هەرێمی کوردستاندا تەسلیمی مووچەی حکومەت دەبنو روناکەنە کەرتی تایبەت تا بەرهەمی خۆیان بخۆن؟**

* لەکاتێکدا سەرلەبەری سەرچاوە ئابووری‌و کۆمەڵایەتی‌و رۆشنبیریی‌و حکومیی‌و تا رێکخراوە پیشەیی‌و کۆمپانیاکان پێکڕا لەلایەن حیزبەکانەوە کۆنترۆڵکراون، بەتایبەتی لەلایەن هەردوو حیزبی دەسەڵاتدارەوە داگیرکراونو لەژێر سایەو مەکرەمەو دەسەڵاتی ئەواندایە، ئەمەش سەرلێشێواییەکی گەورەی بۆ هاوڵاتییانو گەنج دروستکردووە، لەڕاستیدا بەرپاکردنی لێشاوێک لە گەنجی بێکاری حکومیی‌و حیزبی هیچ ستراتیژێکی زانستی‌و شارستانی لەپشتەوە نییە، جگە لە سازکردنی بێکارییەکی گەورەو گرانی دەمامککراوو راهێنانی هاوڵاتییان لەسەر سیستمێکی لەکارکەوتووی حوکمڕانی‌و بەڕێوەبردنی حیزبی.

حیزبو حکومەت کە دووڕووی دراوێکن، لەڕێی سیستمی مووچەو بایەعی‌و نانبڕینو بژێویی ژیانو پێدانی زەوی‌و مەکرەمەو پاداشتی حیزبی، کار لەسەر دەستەمۆکردنو زەلیلکردنی هاوڵاتییانو گەنجان دەکەن، پێکڕا ئەمانە هۆکارگەلێکی بەهێزن بۆ غەمگینکردنی کۆمەڵگاو ترساندنی هاوڵاتییان لەڕێی کۆمەڵێک ئەخلاقی ناشرینی ستەمکاریی‌و سەرکوتکردنی ئابووری‌و حیزبی‌و حکومیی. دەرئەنجام هاوڵاتییان ناوێرن دووربکەونەوە لە کاری حکومیی‌و حیزبی، هاوکات بەداخەوە کە ئەمڕۆ لە کوردستاندا سەرمایەدارانو سەرمایەی دەرەوەی حیزب ناڕاستەوخۆو راستەوخۆ پەیوەندیان بە حیزبەکانەوە هەیە، حیزبو بەرپرسەکان پشکی شێریان هەیە لە کۆمپانیاو دامەزراوەکاندا، دەرئەنجام ئەو ئەخلاقو روانینە وێرانەی کە حیزب هەیەتی، گوازراوەتەوە بۆ دەزگاو کۆمپانیاو رێکخراوەکانیش.

کەرتی تایبەت لە کوردستاندا زۆر لاوازە، بەڵام کەرتی حیزب باڵادەستو خاوەن پارەو هەیمەنەیەو زەبرێکی کوشندەی لە کەرتی تایبەتو دامەزراوە سەربەخۆکان داوە، بەڵام خۆشبەختانە ئەمڕۆ نەوەی نوێ دەیەوێت لەدەرەوەی حیزبو دەسەڵاتدا کاربکاتو بەدوای ناوەندو دەزگاگەلێکی ئابووری‌و فەرهەنگی‌و رۆشنبیری‌و بەرهەمهێنەری سەربەخۆدا دەگەڕێت.



**کۆمەڵگا پێویستی بە ئۆپۆزسیۆنی راستەقینەو گروپەکانی فشارو دەزگاو ناوەندی سەربەخۆو میدیای ئازادو پرۆفیشناڵ هەیە، بێگومان گەندەڵترینو ناعادیلترین حیزب دەتوانێت پەرلەمان لەیەک چرکەساتدا پڕبکات لە گەنجی بێ ئیرادەو ناپرۆفیشناڵو بێ خەونو بێ پرۆژە**

## ئاسۆ جەبار:

# کەرتی حیزب باڵادەستو خاوەن پارەیەو زەبرێکی کوشـ...



**لە هەموو ڕۆژێک زیاتر ئەمڕۆ باسی ڕۆڵی گەنج دەکرێت لە گۆڕاندا، بەڵام بەپێی وتەکانی ئاسۆ جەبار، کۆمەڵگای کوردی کۆمەڵگایەکی گەنجانە نییەو گەنجانی هەرێمی کوردستان لە ڕێگای حیزبە سیاسییەکانەوە چەپێنراونو سەرکوتکراون.**

**ئاسۆ جەبار، نووسەرو ڕۆشنبیر، لەم دیدارەی ڕۆژنامەدا تیشک دەخاتە سەر ڕۆڵو کاریگەرییەکانی گەنجو ئەو دەستانەی هەوڵی کوشتنی تواناکانی گەنجیان داوەو ئازادییەکانیان کۆنترۆڵکردووە.**

**سازدانی: ئەلەند مەحوی**

**ڕۆژنامە: کۆمەڵگای گەنج کێیە؟ ئایا ڕێژەی لاوان دیاریدەکات کە کۆمەڵگا گەنجە؟ یان بیری گەنجانەو بەشداریی لاوان لە کایەکانی دەسەڵاتو حکومڕانیدا؟**

* بێگومان ئەوەی تا ئەمڕۆ بووەتە مۆدێلێکی هەژاری ڕاڤەکردنو دیاریکردنی شوناسی پێکهاتەو دیاردەو شتە زیندووەکان، بریتییە لە بەخشینی پێناسەی بەرجەستەو حەتمیو ڕەهاو بێقسە، واتە بەپێی دنیابینی سیاسیو فەرهەنگیو شارستانی، گەنج جگە لە پارچەیەکی بچووکی ئەو مەکینە سیاسیو حیزبیو کۆمەڵایەتییە، هیچی دیکە نییە، گەنج تەنیا وەک بوونەوەرێکی بچووکی ناو تەراتێنی حیزبیو مەرامو ستراتیژی مەزهەبیو ئایینیو کلتووریی نەخشەی بۆ دەکێشرێت، واتە نەوەی نوێ لەدەرەوەی ئەو نەخشە هەژارە بوونی نییە. سەرچاوەکانی ئەم تێڕوانینە لە خێڵو بنەماڵەو قەبیلەوە سەرچاوە دەگرێت، تا دەگاتە سیستمی دیکتاتۆرییو تۆتالیتارییو هەژموونگەرو مەزهەبگەرو حیزبگەراکان.

جاری وا هەیە فەرهەنگ دەبێتە سەرزەمینێکی ساختە بۆ کوشتنی ئازادییە ڕاستەقینەکانی تاکەکەس، هاوکات ئەو فەزا کوشندەیەی کە ئازادییە سروشتییەکانی تاکەکەس لەخۆیدا دەکوژێت، فەزایەک نییە چەکو ئامرازەکانی کوشتنو مەرگ، ئەم حەقیقەتە کوشندەیە بخولقێنن، بەڵکو فەرهەنگو کلتوورێکی داخراوی ئەخلاقیو پڕلەکۆتوبەندی قەدەغەکراوو حەرامکراو، سەدان ئەوەندە کاریگەری ڕۆحیو سایکۆلۆژیی زیاترە لە چەکە ڕاستەقینەکانی کوشتنی مرۆڤو ئازادییەکانی.

لەڕاستیدا بەبێ قسەکردن لەسەر ئازادییەکانی ئینسانو کۆمەڵگا، مەحاڵە باس لە گەنجو پێکهاتە هەرە گرنگەکانی کۆمەڵگا بکەین، لەبەرئەوە کۆمەڵگای ئازاد بەرهەمهێنەری زانکۆو دەزگای ڕۆشنبیرییو فەرهەنگیو ئابووریو سیاسی ئازادە، بە هەمانشێوە کۆمەڵگایەکیشە بۆ بەرهەمهێنانی تاکەکەسی ئازادو فێرخوازی بەئیرادەو خەونی گۆڕان، دواجار کۆمەڵگای ئازاد کۆمەڵگایەکی زیندووەو بەردەوام لە تازەبوونەوەدایە، واتە کۆمەڵگایەکی گەنجە، کۆمەڵگای داخراوو ترادسیۆنیش بەرهەمهێنەری فەزایەکی کوشندەی ئەخلاقیو فەرهەنگین بۆ پراکتیزەکردنی ستەمکاریی فەرهەنگیو چەپاندنو خەساندنی تاکەکەسو کوشتنی بەها ڕۆحیو مرۆییەکان، بەڵام تێگەیشتن لە چەمکی ئازادییو تێگەیشتن لە مانا کردارییەکانی ئازادیی، خاوەنی هێزێکە بۆ دروستکردنی کۆمەڵگایەکی مۆدێرنو ئازاد، چەند دیکتاتۆرەکان پێویستیان بە حیزبی سەرکوتکارو جەلادی ستەمکار هەیە، هاوکات ئازادیش پێویستی بە جەنگاوەری مەعریفیو فەرهەنگیی ئیرادەگەر هەیە.

ئازادیی ساختە هێندەی ئازادییەکی بچوکە لە پڕوپاگەندەیەکی گەورەدا، هێندەش فەنتازیایەکی ساختەیە بۆ بەرهەمهێنانی وەهمو خۆشباوەڕی، ئەو کۆمەڵگایانەی پێیانوایە لە ئازادییەکی ڕاستەقینەدا دەژین، بەڵام کۆمەڵگایەکن بێئەندازە غەرقن لە کۆتوبەندی ئەخلاقیو ترادسیۆنیو ئایینیو سیاسیدا، دواجار کۆمەڵگایەکی وێرانیشن لەڕووی فەرهەنگیو شارستانییەوەو ناتوانن ئازادییە سروشتییەکانیان لە رووبەرێکی بەرفراوانی کۆمەڵایەتیو فەرهەنگیدا پراکتیزە بکەن.

**ڕۆژنامە: بە تەنیا کەمکردنەوەی تەمەنی کاندیدی پەرلەمان، دەتوانێت کۆمەڵگایەکی پیر، نوێ بکاتەوە؟**

* لەڕاستیدا کۆمەڵگا پێویستی بە ئۆپۆزسیۆنی ڕاستەقینەو گروپەکانی فشارو دەزگاو ناوەندی سەربەخۆو میدیای ئازادو پرۆفیشناڵ هەیە، بێگومان گەندەڵترینو ناعادیلترین حیزب دەتوانێت پەرلەمان لەیەک چرکەساتدا پڕبکات لە گەنجی بێئیرادەو ناپرۆفیشناڵو بێ خەونو بێ پرۆژە، گرنگ نییە کورسییە پیرەکانی پەرلەمان بە گەنج پڕبکەینەوە، گرنگ ئەوەیە چ هێزێک هەیە پشتیوانیو بەرگریی لە گەنجو هاوڵاتییان بکات، کۆمەڵگا پێویستی بە پەرلەمانتاری بەئیرادەو خاوەن هەڵوێستی سەربەخۆو پرۆفیشناڵو جەنگاوەریو یاساییو ڕۆشنبیریو سیاسی هەیە، کۆمەڵگا بێزارە لە پەرلەمانتاری بێدەنگو تەمەڵو پەککەوتەو زەلیلی دەستی حیزبو گیرفان پڕکەری مووچەی خەیاڵیو ئەم توڕوهاتانە، گرنگ ئەوەیە کەسانێک بنێرینە پەرلەمان کە ئامادەیی ئەوەی هەبێت ڕۆژانە چەند سەعاتێک تەرخان بکات بۆ هاوڵاتییان، توانای ئەوەیان هەبێت بەرپرسو وەزیرە گەندەڵو پارەخۆرو ناعادیلو پێشێلکارەکانی مافی مرۆڤ ڕاپێچی دادگاو بەندیخانە بکات، من پەرلەمانتارێکم ناوێت زەق زەق سەیری گەندەڵی بکاتو بێدەنگ بێدەنگ مووچەکەی وەرگرێتو ملی شۆڕ بکاتو بڕواتەوە بۆ ماڵەوە.

کەواتە گرنگ نییە پەرلەمانتار گەنج بێت یان پیربێت، گرنگ ئەوەیە بەشەر بێت، بایی ئەوەندە پابەندبێت بە ئەخلاقەوە بتوانێت شەڕی یاسایی لەسەر هاوڵاتییان بکات، بایی ئەوەندە ڕێزی هەبێت ڕووبەڕووی سەرۆکی حکومەتو بەرپرسو وەزیرە گەندەڵەکان بوەستێتەوە. کاتێک بەرپرسێکی حیزبی بە کۆمەڵگا دەڵێت «سەگ» دەبێت ئەندام پەرلەمانەکان پەرلەمان جێبهێڵنو ڕووبکەنە دادگاو مانبگرن، نەک (١٠,٠٠٠) ئیمزای نارەزاییان بۆ بچێتو بڵێن (ئەمە کێشەی ئێمە نییە، بە هەمووومان وتراوە سەگ).

**ڕۆژنامە: چەمکی نوێبوونەوە لەلای ئەحزابی سیاسی کوردی هەر چەمکە، یان لە کۆنگرەو هەڵبژاردنەکاندا تواناو بیری نوێو گەنجانەیان بە بەر جەستەی خۆیاندا کردووەتەوە؟**

* کۆنخوازیی نایەوێت لەئێستادا نەژی، نایەوێت لەئێستاو داهاتوو خۆی دابڕێت، خوازیار نییە تەنیا لە مێژوویەکی تاریکو لە شارستانیەتێکی دووردا بگوزەرێت، بێزارە لە بێمانایییەکانی خۆی، شەیدای ژیانێکی نوێیە لە ئێستادا، بەڵام بەهەمان کەرەستەو هزرو عەقڵی پێشووەوە، بەهەمان خەیاڵو ڕامانو بێئاگاییەکانی خۆیەوە دەیەوێت لەئێستادا ئامادەگییەکی هەمەلایەنی هەبێت، دەتوانرێت لە سفرەوە دەستپێبکاتەوە، دەیەوێت تا دوایەمین ژمارە لەگەڵ نەوە نوێکاندا گوێزی خۆی بژمێرێتو کەرەستە کۆنەکانی وەهم داخڵی ئێستا بکاتەوە، بەڵام ئەو دنیابینییە جیاوازەی لەدەرەوەی ئەودا دەژی، بە لایکەمەوە جیاوازییە هەرە جەوهەرییەکانی ئەو دەدۆزێتەوەو شوناسی واقیعی ئەومان بۆ دەردەخات. هەڵبەت ئەوە دنیابینی مۆدێرنەیە کە لە توانایدایە دنیا داخراوەکانمان بۆ کەشفبکاتو کاردەکات بۆ دۆزینەوەی ئەو بۆشاییە گەورانەی کە لەنێوان دنیاکەی تۆو ڕوانینەکانی ئەوانی دیدا لەئارادایە، کاردەکات بۆ بەستنەوەی ئێستا بە هەنووکەکانی ڕوانینەوە، بەستنەوەی هەنووکەکانی ڕوانینیش بە ستراکچەرێکی کراوەترەوە، کە سەرلەبەری کایەو پێکهاتەکانی لە پانتاییەکی بەرفراوانی ڕوانینو هەنووکەدا بگوزەرێت.

لەبەرئەوە تا خاوەنی ڕوانینو دنیابینییەکی مۆدێرنو کراوەو شەفاف نەبین، ناتوانین باس لە نوێگەرییو نوێبوونەوە بکەین، دیکتاتۆرێکم بۆ بدۆزەرەوە باسی نوێبوونەوەو نۆژەنکردنەوەی نەکردبێت، دەسەڵاتێکی کوشندەو گەندەڵم بۆ بدۆزەرەوە تەلەفزیۆنەکانیان پڕنەکردبێت لە هوتافی دیموکراسیو گرمەگرمی خزمەتو ناڵەناڵی نوێبوونەوەو نۆژەنکردنەوە.

نوێبوونەوە بریتی نییە لەوەی کراسێکی جوان بکەینە بەری گەندەڵی، چاکەتو پانتۆڵێکی سپی بکەینە بەری ناعەدالەتیو ڕاوڕووت، بۆینباخێکی سوور بکەینە ملی پێشێلکردنی مافی مرۆڤو هەڕەشەکردن لە نووسەرو ڕۆژنامەنووسانو میدیای ئازاد، ماکیاژ بکەین بۆ نانبڕینو دەرکردنو هەمەجیەتو عەنتەریاتی حیزبی.

**ڕۆژنامە: نەوەی نوێو گەنج لە کۆمەڵگایەکی وەکو هەرێمی کوردستاندا دەتوانێت چی بگۆڕێت؟**

* لەڕاستیدا تا گۆڕانکاریی ڕیشەییو گەورە لە زیهنو ڕوانینو دنیابینیماندا دروست نەکەین، هەرگیز ناتوانین بچوکترین گۆڕان لە ژیانو واقیعدا دروستبکەین. گۆڕان هەڵواسینی لافیتەیەکی ڕەنگاوڕەنگ نییە بە دیواری بارەگایەکی حیزبییدا، وەک چۆن دیموکراسی لە دروشمە وەهمییەکانی حیزبە دیکتاتۆرو گەندەڵو ناعادیلەکاندا تروسکایی گۆڕان دروستناکات، بە هەمانشێوە ئەگەر سەد ساڵ باسی گۆڕان بکەین،

**دیکتاتۆرێکم بۆ بدۆزەرەوە باسی نوێبوونەوەو نۆژەنکردنەوەی نەکردبێت، دەسەڵاتێکی کوشندەو گەندەڵم بۆ بدۆزەرەوە تەلەفزیۆنەکانیان پڕنەکردبێت لە هوتافی دیموکراسیو گرمەگرمی خزمەتو ناڵەناڵی نوێبوونەوەو نۆژەنکردنەوە**



# چاکسازیی ناوەوە چۆن دەکرێت؟

**ڕەشاد حسێن**

بێماناترین تۆمەت دانە پاڵ ڕیفۆرمخوازان، ئەوەیە کە هەندێک بەرژەوەندیپارێزو گەندەڵ هەردەمەی بە جۆرێک دڵنەوایی بازنەی بەرتەسکی کەمایەتی دەسەڵاتدار لە دەربڕینەکانیاندا دەکەن، جاریٚ دەڵێن کاتەکەی نەگونجاوبوو بۆ ڕاگەیاندنی پرسی چاکسازیی، یان دەڵێن ململانێی ناوخۆ لە سوودی دوژمنانە، هەموو جوڵەو ڕەخنەو خوێندنەوەیەکی سەردەمانە جگە لە تێکدانی باڵانسی هاوپەیمانێتیی ستراتیژی نێوان پارتیو یەکێتیو زیانگەیاندن بە ئەزموونی حوکمداری کورد، هیچ ئەنجامێکی بەسوودی لێ ڕەچاو ناکرێت، نازانم کام دوژمن ئەوەی موونافەسەی یەکێتی دەکردو سەختترین ڕۆژگاری خوێناوییان خوڵقاندو گەورەترین زیانیانگەیاند بە گیانی گەنجانو سەروەتو بینای ئابووری کوردستان، ئەمڕۆ هاوپەیمانی ستراتیژین، بەرژەوەندییە باڵاکانیان وا تێکەڵاوبووە (دنیا ناتوانێت لێکیانکاتەوە... مەگەر خوا بۆخۆی بیانباتەوە)، خۆ ئەگەر داگیرکەرانی کوردستانیش بە گرفت بزانن، ئەوا هێندە تەنەزولاتیان بۆ کردوونو جڵەوگیری ئۆپۆزسیۆنەکانیشیان قایمکردووە، کە لە دۆست دۆستترن بۆ داگیرکەرانو گوتاری سیاسیشیان لە بڵندگۆکانەوە ئاشکرایە، کە بیرکردنەوەو نەخشەسازیی لە دەوڵەتی کوردی خەونی شاعیرانەیە، ئەم پەیامە نانەتەوەییانەش وەک پرۆتۆکۆڵێکی زارەکـــی، دوژمـــنو جیهانیشی خستووەتە بەردەم واقیعێک کە کورد بێتواناترین مەخلوقە لە ئیدارەی دەوڵەتدا، ئەوەتا سەرکردەکانیان باشتر نەتەوەکەیان دەناسنو ئەو وتە بەناوبانگەی سەرۆک کۆماری عێراقو سکرتێری حیزبێکی گـەورەی وەک یەکێتی کە بۆ دوژمنانی کورد لە سـەدان پەیماننامە گرنگترو بەنرخترە، بزانن چەند خزمەت بە بواری سیاسیو دیبلۆماسی داگیرکەران دەکات، ئیتر نازانم لە ئێستادا کورد ترسی چی هەیە کە نەتوانێت گۆڕان بکات.

ئێستا ئەوانەی دژی ڕیفۆرمنو ترس لە بەرژەوەندییەکانیان فێری دەربڕینی جۆرێکی دیکە لە چەواشەکردنی کردوون، کە دەڵێن دەبوایە چاکسازیی لە ناوەوە بکرایەو ڕیفۆرمیستەکان هەوڵیان بدایە لە ڕێگای دیالۆگو پرۆژەکانیانەوە ئەم پرسەیان جێبەجێبکردایە، بە ڕای من ناقۆڵاترین لێدوان ئەوەیە کە مرۆڤ خۆی باوەڕی بە شتێک نەبێتو وەک ڕاگەیاندنی چەواشەکارانە، دەربڕین لەسەر بابەتێکی وا چارەنووسساز بکاتە پەیامێکو خەڵکی پێ فریوبدات، ئادەی ئەو بەناو مەسئولو سیاسیانەی وا دەبێژن (چاکسازیی لە ناوەوە دەکرێت)، نموونەیەکی وامبدەنێ لەناو حیزبی سیاسی کوردیدا، با ئەو نموونەیە لەناو کوردستانی گەورەشدا بێت، نەخێر لە جیهانی عەرەبو ئیسلامدا ئەو بەڕێزانە دیارە نازانن دەسەڵات لای عەقڵیەتی خێڵگەرایی هێند خۆشەویستو پڕ ئەفسونو سیحرە، هەر ئەوەندەی دەستیان لێگیربوو یان بە کودەتا یان بە مەرگ یان بە ڕاپەڕینی جەماوەریی نەبێت، هەرگیز دەستبەرداری نابن، هەر ئەم هۆیەشە ئەم دەسەڵاتانە ئەوەندە دیموکراسیان لا پێویستە تا جڵەوگیری دەکەن، ئیتر دەسەڵات دەبێتە موڵکی تاپۆکراوی بنەماڵەو خێڵو باسکردن لە فرەییو ئاڵوگۆڕی دەسەڵاتو پەسەندکردنی بیروڕای جیا لایان، کفری نیعمەتە. فەرموون بە حسابی ئێوە ڕێکخستنەکان سفت دەکەنو توخمی ناموڵتەزیمی وەکو ڕیفۆرمخوازەکان دەردەکەن، دەستدەکەن بە چاکسازیی، باشە دەستانخۆش، خۆ جاریٚ دەستی حیزب هەر لە هەناوی حکومەتدایە، ئەوەنییە بە بڕیاری حیزب، حکومییەکانی سەر بە باڵی ڕیفۆرم دەردەکەن، بەبێ ئەوەی حساب بۆ ئەنجومەنی وەزیران بکەن، هەرچی گەندەڵە تەنیا وەلائی هەبێت بۆتان، ئیتر کاری بەجێیە، هەموو لایەک ئاگادارن دوای یاداشتەکەی بەرەی ڕیفۆرمخوازان، جەنابی سکرتێری گشتی چەندین بەڵێنی دایە سەرکردایەتی ڕیفۆرمخوازانو چۆن ئەو بەڵێنانە کەوتنە ناو بازاڕو ناوەندە سیاسیو میللییەکە، ئەی چی لێ جێبەجێکرا؟ خۆ ئەمە هەنگاوی یەکەمی پرۆژەیەکی گرنگ بوو بۆ چاکسازیی؟ بۆچی خەڵکی چەواشە دەکەن، بە نموونە سکرتێری گشتی لە پەیڕەودا (١٢) ئەرکی بۆ دەستنیشانکراوە، سەرجەم ئەرکەکانیشی لە کاروباری تیۆریی دەرناچێت، وەک چاودێرییو ڕێنماییو ئاراستەکردنو ئامۆژگاری، بەڵام لای ئێمە مەبەستم (ی.ن.ک)ە، سکرتێر سەرجەم ئەرکو مافەکانی کۆمیتەی سەرکردایەتیشی پاوانکردووە، کە بەگوێرەی پەیڕەو (کۆمیتەی سەرکردایەتی بەرزترین دەسەڵاتە لەنێوان دوو گۆنگرەدا)، هەر بۆ نموونە یەکێک لە ئەرکەکانی کە توانای دەسەڵاتی دەردەخات لە خاڵی (ج)دا پەیڕەودا ئاوا باسیدەکات (لە کۆبوونەوەی ئاسایی خۆیدا پلانی کاری مەکتەبی سیاسیو مەکتەبەکانی دیکەی (ی.ن.ک) هەڵدەسەنگێنێت، بڕیار لەسەر بەردەوامبوون یاخود گۆڕینیان دەدات)، جا من هەر لە هەڤاڵانی کۆمیتەی سەرکردایەتی دەپرسم، ئێستا ئەم دەسەڵاتانە لای کێن؟ لە بارودۆخی ئاوا کۆنترۆڵکراوی دەست تەنیا تاکێک، چۆن لە ناوەوە چاکسازیی دەکرێت؟ بۆیە لـەوڕۆژەوە کەوتنە پیلانی کێومالکردنی هەڤاڵانی ڕیفۆرمخوازو چنینی نەخشەو پلانی شکستپێهێنانی بڕواو بەرنامە، دواجار بە چاوی خۆتان دیتان دەرکردنو نانبڕینو لێسەندنەوەی پۆستو تاوانبارکردن بە لادان لە پەیڕەوێک، کە تەنیا جارێک ئیشی پێدەکرێت، ئەویش بۆ لێدانی دەنگی حەقخوازی پرسی گۆڕان، تەنانەت لە هەڵبژاردنەکانی ناوخۆی یەکێتی لەساڵی ٢٠٠٦دا جەنابی سکرتێری گشتی بێلایەنی لەدەستدا، لە شاشەی (تەلەفزیۆن)ەوە ڕیکلامی بۆ پاڵێوراوانی سەر بە کوتلەکەی خۆی دەکرد، ئا لەوکاتەوە وەکو سکرتێری گشتی بێلایەنی لەدەستدەدات، ئیتر چۆن چۆنی چاکسازیی لە ناوەوە دەکرێت بەڕێزەکان.

کـەواتـە دەســەڵات بە ڕەهـایـی خاوەنی گوتاری مانەوەیەکی خۆسەپێنە، گوتارێک کە تێیدا تاکی کورد پێویستە لەناو فەزایەکی سەرکزیو بێدەنگیو قبوڵکردنێکی ناچاریدا ژیان بگوزەرێنێت، بەمانایەکی دیکە درێژکردنەوەی تەمەنی زاڵـخوازیو ئیستیبدادی دەسەڵاتە بەبێ ڕوودانـی هیچ کارەساتێک، بەواتای سڕکردنی هەموو جوڵەو بزوتنێکی ئەکتیڤ ڕووەو نوێکردنەوەو چاکسازیی، بۆیە لێرەوە دنیابینییەکی دیکە خۆی ئاشنا دەکات پێمانو دەمانکاتە خاوەنی پلاتفۆرمێکی دژ بەو دۆخە چەقبەستووە، کە مەنتیقی ژیاندۆستی فێرمان دەکـات هـەمـوو بێدەنگیو ملکەچبوونێک مەرگێکی لەسەرخۆی بـڕواو بەهاو ئاکارە بەرزەکانی وجودی مرۆڤەکانە، کەواتە دەسەڵاتە تۆتالیتارییەکان هەمیشە دەیانەوێت ئەم گەمەیە لە بازنەی ناوخۆ دەرنەچێتو سیمای دەمامکداری ڕژێم بۆ دەرەوەی خۆی ئاشکرا نەبێت، ئەگینا چ لەمپەرێک لەبەردەم دەسەڵاتدا بووە بەتایبەتی پاش ڕوخاندنی دەسەڵاتی بەعسی کە نەتوانێت چاکسازیی بکات، دیـارە سـەری دەسـەڵات خۆی هۆکاری یەکەمینی بوونی گەندەڵیو پاشاگەردانییە، چونکە شکاندنی دەقەکانی پەیڕەو، کادیرێکی ناوەندی یان خوارەوەی ئۆرگانەکان نەیانکردووە، تەنیا خاوەن مەرکەزە بەهێزەکان لەپێناوی حـەزە نەرجسیەکانیاندا تانوپۆی حیزبیان پاوانکردووە، لێرەوە سەرۆکی حیزب دەبێتە سەرۆک خێڵو بنکەی حیزبیش ڕەعیەتێکی ملکەچو بێجوڵەو بێنوزەو پاسیڤ، کاتێک کەسایەتییەکی پلە بەرزی نێو یەکێتی کە بەڕێز (نەوشیروان مستەفا)یە، دەڵێت بێئومێدبووم لە چاکسازیی نـاوەوەی یەکێتی، ئەو بە واقیعی نەخشەسازی کۆنترۆڵکراوی ناو یەکێتی دەبینێتو دەزانێت ئەو کەسەی کە جاران باوکی جەماعی سەرجەم یەکێتی بوو، ئێستا ئەو شوێنەی لەمانای باوکایەتییەوە گۆڕیوە بۆ خۆسەپاندنو ململانێو لێدانی دەنگە سازو نوێخوازەکان، بەتایبەتی کاتێک هەڵبژاردنی ناو ڕێکخستنەکانی ساڵی ٢٠٠٦ دەبینێت بە پراکتیک، باش تێدەگات ئیتر کاتی داماڵینی دەمامکەکانەو چیدی بواری دیالۆگو لێک حاڵیبوونو پێکەوەژیان ئەستەمە، سەردەمی دەسەڵاتو پلەوپۆستو ئیمتیازو کەڵەکەکردنی سەرمایە، بەتەواوی جێگای مەبدەئیو قیەمو ئەخلاقی گرتووەتەوە، ژیان لەناو دۆخێکی وا ناسازدا، تەسلیم بوون بۆ ئیرادەی ملکەچبوونو گێلیو بەهەدەردانی مێژوویەکی پڕ سەروەریی.

وتەیەکی پێویست

چاکسازیی سەرەتایەکە ئەگەر نەیتوانی وەکـو پێویست ئامانجە دوورو نزیکە نەخشەڕێژکراوەکانی جێبەجێبکات، بەتایبەتی (چاکسازیی سیاسی)، ئەوە بێگومان هەنگاوی پاش ئەو دێت کە گۆڕانکارییە، دیـارە پرسی گۆڕانکاریش لەم وڵاتانەی گرفتاربوون بە پاوانخوازییو سەرچاوەی ڤایرۆسی گەندەڵیو ئیستیبداد، تەنیا ڕێگای ئاڵوگۆڕی ئاشتیانەی دەسەڵاتە، کە ئۆپۆزسیۆنە کاراکان بە جدیی کـاری لەسەر دەکـەن، ئەگەر سەردەمەکە ڕۆژگـــاری ململانێ سەختەکانی هــەردوو جەمسەری دژبەیەکی خۆرهەڵاتو خۆرئاوا بوایە، ئـەوا شۆڕشی چەکداریی دوا ڕێگای یەکلاییکردنەوەی ئەم تەنگژەیە بوو، بەڵام ئەمڕۆ سیاسەتی نوێی جیهانی لایەنگیری میللەتانی زوڵملێکراوو چەوساوەیە، پرۆژەی خۆرهەڵاتی گـەورەش دژ بە سەرجەم ڕژێمە ملهوڕو دیکتاتۆرەکانەو ڕایەڵەی پەیوەندی لە ڕێگای تۆڕەکانی ئینتەرنێتو میدیاکانی جیهانەوە، چاوی واقیعبینی دنیا بە زوویی ئاشنا دەکات بە چۆنێتی مامەڵەی ڕژێمەکان لەگەڵ میللەتاندا، بۆیە سەردەمەکە وا دەخوازێت فشاری جەماوەر لە ڕێگای سندوقەکانی دەنگدانەوە ببێت بە هێزێکی کاریگەری گۆڕانکاری، ململانێ شارستانییەکان دۆخێکی ئاکتیڤ بۆ ئاڵوگۆڕی دەســەڵات بڕەخسێنێتو پەرلەمانێکی ڕاستەقینەی خەڵکی دامەزرێتو خەمخۆری خەڵک بێت، جەماوەریش داکۆکیکاری بنو ڕایەڵەی پەیوەندیان لە ئاستێکی ئۆرگانی چالاکدابێت، بۆیە ئەمڕۆ خەڵکی زوڵملێکراوی کورد هەقوایە سەرجەم ڕەخنەو داواکاریو نیگەرانییەکانیان بکەنە هێزێکی کارای مادیی بۆ دەنگدانو گۆڕانکارییو ئایندەیەکی ئارامو ئاسودە. با ئیتر گوێ لەو دەنگە ناسازانە نەگرین بەمەبەستی پەکخستنو ئیفلیجکردنو پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان دەڵێن گۆڕان لە ناوەوە دەکرێت، دوژمنان گەمارۆیان داوینو جاریٚ چەمکی گۆڕانکاریی کاتی نییە، ئەوانە لە بەرژەوەندیی خەڵکی هەژارو نەدارو هۆشیارو تێکۆشەردا نین، تا زووتر تەمەنی گەندەڵیو پاوانخوازیی کۆتایی بێت، زیاتر خزمەت بە ستراتیژی نەتەوەکەمان لەمەڕ پرسە جدییەکان دەکەین.

> **ئێستا ئەوانەی دژی ڕیفۆرمنو ترس لە بەرژەوەندییەکانیان فێری دەربڕینی جۆرێکی دیکە لە چەواشەکردنی کردوون، کە دەڵێن دەبوایە چاکسازیی لەناوەوە بکرایەو ڕیفۆرمیستەکان هەوڵیان بدایە لە ڕێگای دیالۆگو پرۆژەکانیانەوە ئەم پرسەیان جێبەجێبکردایە، بە ڕای من ناقۆڵاترین لێدوان ئەوەیە کە مرۆڤ خۆی باوەڕی بە شتێک نەبێتو وەک ڕاگەیاندنی چەواشەکارانە، دەربڕین لەسەر بابەتێکی وا چارەنووسساز بکاتە پەیامێکو خەڵکی پێ فریوبدات**

# باوەڕدەکەن یان نا....!



**جەمال میرزا عەزیز**


لە نـاو ملـمـلانـێ نـاوخـۆیـیـەکـانـدا، هەندێک کـەسو گـروپ لە خەڵکانی کاڵفامو دەروون نەخۆش لە پشتی نیشتمانپەروەرە ڕاستەقینەکانەوە پەیدا دەبن. هەرکە هەلێکیان بۆ دەڕەخسێت (دۆنکیشۆتانە) ڕەفتاردەکەنو ڕەنجی خەڵکی تێکۆشەر بە خەسار دەبەن.

جارێک لەگەڵ برادەرێکمدا باسمان لەوجۆرە کەسانە دەکرد کە چۆن وایان لێبەسەرهاتووە، ئەوەی گرنگ نەبێت لایان هەستو داخوازییەکانی میللەتە. من وتم زانست سەلماندوویەتی کە ئەو کەسانە خودی خۆیان، چۆن پەروەردە بووبنو لە چ ژینگەیەکدا گەورەبووبن، هەرواش دەمێننو هەمیشە دەمامک دەبەستن. برادەرەکەم وتی: «کەسانێک هەبوون کە ئێستا بەرپرسیارێتی گەورەیان لە حیزبو حکومەتدا هەیە، کاتی خۆی لە شاخ نموونەی مرۆڤی ئازاو دەستو داوێن پاکو نیشتمانپەروەر بوون، بەڵام ئێستا زۆر لە خۆیان گۆڕاونو بەپێچەوانەی جارانەوە هەڵسوکەوت دەکەن». منیش وتم: «ئاخر ئەو زەمانە هیچی لە بەردەستدا نەبووەو ناچار بووە وەک هەموو کەسەکان ڕەفتار بکات، ئەگینا مەحاڵە مرۆڤی مەبدەئیو پاک دەسەڵاتو پارە بیگۆڕێتو لە ڕێگای ڕاست لابدات، بەڵگەشم بۆ ئەو بۆچوونە، ئەوەیە کە ئەوانە ژمارەیەکی زۆرنینو خەڵکە پاکو دڵسۆزەکە زۆر زۆرترن.

لە وڵاتانی دیموکراسییو پێشکەوتوودا ئەو کەسو حیزبو ڕێکخراوانەی کێبڕکێ دەکەن، بۆ گرتنە دەستی دەسـەڵات تەنیا بۆ پێشکەشکردنی زیاتری خزمەتگوزارییو پێشخستنی نەتەوەکانیانە، بەڵام لای ئێمە ئەو کەسە هەڵپەرستانە بەرژەوەندیی شەخسیو بنەماڵەییو عەشیرەتو خێڵ بە دەرەجە یەک دادەنێنو کاری بۆ دەکرێت. باشترین نموونەش ئەو (١٨) ساڵ حکومڕانییە کە دەبوو بەو هەموو بودجە زۆرەوە، ئێستا هەرێمەکەمان بە نموونە بهێنرایەتەوە.

لە وڵاتانی دیموکراسیو پێشکەوتوودا، ئەگەر فەرمانبەرێک کارەکەی نەما، تا ئەو کاتەی کارێکی دیکە دەدۆزێتەوە بیمەی دەدرێتێ، کەچی لای ئێمە تازە بە تازەو لە سەدەی (٢١)ەمدا تەنیا لەبەر ڕاوبۆچوونی جیاواز، هەم لەسەر کار لادەبرێتو هەم مووچەکەشی دەبڕدرێت. ئەوەی لەم هەرێمەی ئێمە دەگوزەرێت لە هیچ زەمانو مەکانێکدا هاوتای نییە. با یەک تۆز بگەڕێینەوە دواوە، ساڵی ١٩٩٠ کۆمەڵێک لە تێکۆشەرانی کۆمەڵەی ڕەنجدەران گیراینو خزێندراینە زیندانەوە. پاش (٢) مانگێکو دوای تەواوبوونی لێکۆڵینەوە لێمان، ڕۆژێکیان بانگیان کردم، وەک هەموو جارێک دەستو چاویان بەستمەوەو بردمیانە ژووری لێکۆڵینەوە. من مەترسی ئەوەم هەبوو تێکۆشەرێکی تازە گیرابێت. بەڵام لە ژوورێکی نیمچە تاریکدا وەرەقەیەکیان خستە بەردەممو وتیان ئیمزای بکە. وتم باش بۆم ناخوێنرێتەوەو دەمەوێت بزانم چییە؟ وتیان چییە دەترسی ئیعدام بکرێیت؟ وتم ئیعدامکردن ئیمزاکردنی منی ناوێت، بەڵام دەمەوێت بزانم چییە؟ وەرەقەکەم لە ڕووناکییەکە نزیککردەوە بینیم نووسراوە، لەبەرئەوەی دەستی لە کار کێشراوەتەوە (سحب الید) بڕیاردراوە نیوەی مووچەکەم بدرێت بە منداڵەکانم، هەڵبەتە ئەوانەی لەگەڵماندا گیرابوونو فەرمانبەربوون، هەمان کاریان بۆ کرابوو. بڕوانن ئەوە بەعس بووە بەو هەموو دڕەندەییو شۆڤینێتییەوە ئیتر خۆتان حوکم بدەن. من نازانم ئەم ناعەدالەتیو پاشاگەردانییە تاکەی؟ بۆچی دەبێت لە سەدەی (٢١)ەمدا ئاوا ڕەفتار بکرێت! لەگەڵ کێشدا! لەگەڵ هاوڕێ هاوسەنگەرەکانی دوێنێیدا... قوڕ بەسەر ئەو میللەتە کە هەر کەسو لایەنە بە میزاجی خۆیان گاڵتە بە موقەدەراتی دەکەن. هەرچەندە ئیدیعای ئەوە دەکەن کە دوو ئیدارەکە یەکیان گرتووەتەوە، بەڵام ئەوەتا وەزارەتـی دارایـی کە شوێن باسی ئەم نووسینەمان نییە، دەبینین بریکاری وەزارەتی ناوخۆی هەولێر دەڵێت: ئێمە بە هیچ جۆرێک ئاگامان لە لابردنو مووچە بڕینی ئەو فەرمانبەرو ئەفسەرو حیمایانە نییە، کە لە سلێمانی جێبەجێدەکرێت. باشە خۆ ئەو بودجەیەی کە وەریدەگرن هی گیرفانی ئێوە نییە، بەڵکو هەر پارەی میللەت خۆیەتی، یان دیارە ئێوە خۆتان بە خاوەنی ئاوو خواردن، بەڵکو میللەت خۆشیان دەزانن.

# لەسەر گیرفانی هاوڵاتییان بڕی کارەبا زیاد دەکات



**سامان بەشارەتی**

**فوئاد سەلیم، هاوڵاتییەکی دانیشتووی شاری هەولێرە، وەک خۆی باسیدەکات تووشی شۆک بووە کاتێک وەسڵی (٢) ملیۆن دینار کارەبای بۆ هاتەوە، چونکە بژێویی ڕۆژانەی خۆیو خێزانو (٦) منداڵەکەی بە کرێکاریی پەیدادەکات. فوئاد کە لەبەردەم بەڕێوەبەرێتی فرۆشیاری وزەی کارەبای هەولێردا وەستابوو بۆئەوەی کێشەی (٢) ملیۆن دینارەکەی چارەسەربکات، وتی: «ڕۆژی بە (١٥) هەزار دینار کاردەکەم، جگە لەوەی کرێچیمو چەندین خەرجیو پێویستی دیکەی ڕۆژانەم هەیە، بۆ دوو مانگ بڕی (٢) ملیۆن دینار پارەی کارەبام بۆ هاتووەتەوە، بێئەوەی هیچ ئامێرێکی وامان هەبێت کە کارەبای زۆر سەرف بکات، ئیتر نازانم ئەم هەموو پارەیە چییە بۆم هاتووەتەوە».**

**ئەو بە نیگەرانییەوە باسی لە خراپیی بارودۆخو گوزەرانی کردو ئاماژەی بەوەکرد، کە تەنیا (١٠٠) هەزار دینار لە ماڵەکەیدا هەیەو نازانێت بە چ شێوەیەک ئەو پارەیە بدات کە بۆی هاتووەتەوە، لەگەڵ ڕەخنەگرتن لە بڕیاری زیادکردنی نرخەکەدا وتیشی: «زۆرم پێباشە کارەباکەم ببڕنو شەوان بە تاریکی بەڕێبکەم، نەک ئەو پارەیە بدەم کە بۆم هاتووەتەوە».**

زیادکردنی نرخی کارەبای نیشتمانی، هاوڵاتییان تووشی شۆک دەکاتو بەرپرسانی وەزارەتی کارەباش جەخت لە زیادکردنی نرخەکان دەکەنەوە، ئەوەش دەخەنەڕوو کە لە ئایندەدا زیاتریش دەبێت.

ئەو زیادکردنی نرخە لەکاتێکدایە، کە حکومەتی هەرێم وەک دەستکەوتێک ڕایگەیاند لە ڕۆژی ٦/١ی ئەمساڵەوە ماوەی پێدانی کارەبا بە هاوڵاتییان زیاد دەکرێتو لە شەوو ڕۆژێکدا ٢٢ سەعات کارەبایان دەدرێتێ، بەڵام خەونی هاوڵاتییان نەهاتەدیو بارگرانییەکی دیکە کەوتە ئەستۆیانو بەشێکیان پێیانوایە دەستکەوتەکە لەسەر شانو گیرفانی ئەوانە، ئەوەش دوای هاتنەوەی وەسڵی مانگانەی کارەبا بۆیان.

عائیشە محەمەد (٥٠ ساڵ)، هاوڵاتییەکی دیکەیە، کە وەسڵی (٤٥٠) هەزار دیناری کارەباکەی تەواو خەمباری کردوە، ئاماژەی بەوەکرد، کە مێردەکەی کەمئەندامەو تەنیا پارەی خانەنشینی ئەو وەردەگرن بۆ بژێویی ژیانیان، وتی: «ئیتر چۆن دەتوانم ئەو هەموو پارەیە بدەم»، هەروەک سەرسوڕمانی خۆی لەوە دەربڕی کە لە شەوو ڕۆژێکدا تەنیا (١٠) کاتژمێر کارەبا دەدرێتە هاوڵاتییان، بەڵام ئەو بڕە زۆرە پارەیان بۆ دێتەوە، وتیشی: «دەبێت هەموو مانگێکش پارەی کارەبای مۆلیدە بدەینو بەوشێوەیە بێت مانگانە ناتوانین تەنیا پارەی کارەبای حکومەتو مۆلیدە بدەین».

لەماوەی ڕابردوودا زۆریی نرخی کارەباو وەسڵی گەڕاوە، زۆرێک لە هاوڵاتییانی ناچارکردووە پەنا بۆ فەرمانگەی کارەبا ببەنو بەراوردی ئەو کارەبایە بکەن کە مانگانە سەرفیانکردووە، ئەوەش دوای ئەو

## هاوڵاتییەک: «زۆرم پێباشە کارەباکەم ببڕنو شەوان بە تاریکی بەڕێبکەم، نەک ئەو پارەیە بدەم کە بۆم هاتووەتەوە»

گرانکردنەی نرخ دێت کە لە ڕێگەی کەرتی تایبەتەوە لە چەند وێستگەیەکی نوێوە کارەبا بەرهەمهێنراو بڕی سەعاتی کارەبای نیشتمانی بۆ هاوڵاتییان پێ زیادکرا.

بەڵام هاوڵاتییانی کەمدەرامەتو مامناوەند ڕەخنە لەو بڕیارە دەگرنو پێیانوایە، گۆڕانکارییەکان لە زیانی ئەواندایەو بارگرانییەکی دیکەیە لەسەریانو لەسەر گیرفانی ئەوان نرخی کارەبا زیادکراوە، چونکە جگە لەو ئەرکانەی لەسەریانە، مانگانە پارەی کارەبای مۆلیدەش دەدەن.

مەحمود عەبدوڵڵا (٦٠ ساڵ)، هاوڵاتییەکی دیکەی دانیشتووی هەولێرە کە خاوەنی (١١) سەرخێزانە، لەبری سەرفکردنی کارەبای سێ مانگ، (٦٥٠) هەزار دیناری بۆ هاتووەتەوە، ئەو ڕەخنەی لەو زیادکردنو بڕیارەی حکومەت گرتو پێیوایە «ڕەچاوی گوزەرانی خەڵک نەکراوە» وتی: بژێویی ڕۆژانەی منداڵەکانم لەسەر ئۆتۆمبێلێکی پیکابی تویێتای مۆدێل (٧٠)یە، کە ڕۆژانە دەسوڕێمەوەو ڕۆژی واش هەیە هیچ پەیداناکەم»، وتیشی: «حکومەتی هەرێم ماوەی (١٨) ساڵە نەیتوانیوە کێشەی کارەبا چارەسەربکات، ئێستاش دەیەوێت بازرگانیی بە کارەباوە بکات»، پێشی باشە، تەنیا هاوڵاتییان کارەبای مۆلیدەیان بدرێتێ نەک بۆ ئەو سەعاتانەی حکومەت هێندەیان لێوەربگیرێت.

ئەندازیار حسێن حەمەد، بەڕێوەبەری دابەشکردنی کارەبای هەولێر، سەبارەت بە گرفتی کەمیی پێدانی کارەباو گرانیی نرخەکەی بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: پارەی کارەبامان زیادکرد بۆئەوەی هاوڵاتییان دەست بە کارەباوە بگرنو بەپێی پێویستی خۆیان کارەبا بەکاربهێنن، ناکرێت هاوڵاتییان بەئارەزووی خۆیان کارەبا بەکاربهێنن. ئاماژەی بەوەشکرد، کە ئەو پارە زۆرانەی بۆ هاوڵاتییان گەڕاوەتەوە، ئەوەیە کە یان دوو تا سێ ساڵە پارەی کارەبایان نەداوە یان گرفت لە سەعاتی کارەبای ماڵەکەیاندا هەیە، وتیشی: «ئەو هاوڵاتییانەی پارەی زۆریان بۆ هاتووەتەوە، ساڵێک یان دوو ساڵە پارەی کارەبایان نەداوە، ئەو پارەیە لەسەریان ماوەتەوەو زیادیکردووە»، بەڕێوەبەری دابەشکردنی کارەبای هەولێر وتیشی: «هاوڵاتییان وەک جاران کارەبا بەکاردەهێنن کە کەمبوو، بەڵام ئێستا پێدانی سەعاتی کارەبا زیادی کردووەو هاوڵاتییان هەروەک چەند ساڵ پێشتر کارەبا بەکاردەهێنن، ئیتر چۆن پارەی زۆریان بۆ نایەتەوە، لە بەرنامەشماندایە پارەی کارەبا زیاتر بکەین بۆئەوەی هاوڵاتییان کەمتر کارەبا بەکاربهێنن».

سەرباری ڕەخنەی هاوڵاتییان لە زیادبوونی نرخ، خاوەن ئوتێلو شوێنە بازرگانییەکان ئاماژە بە زۆریی نرخی کرێی کارەبای نیشتمانی دەدەنو ڕوونیدەکەنەوە کە ئەو پارەیە زۆرەو بەشێکی داهاتیان دەبات.

لەتیف شێخ جەلال، خاوەنی ئوتێل مرواریە لە سلێمانی، باس لەوەدەکات، کە بەشێوەیەکی نارێک کارەبایان دەدرێتێو ئەوەی خستەڕوو کە «هێندەی گرنگی دەدەین بە کارەبای مۆلیدە، هێندە کارەبای نیشتمانی بەکارناهێنین»، وتی: «ئەو کارەبایەی حکومەت دەمانداتێ لە هاویندا بەرنامەیەکەو لە زستانیشدا بەرنامەیەکی دیکەیە، جگە لەوەی نرخەکەی زۆر گرانە کە بە (٦٢) ڕۆژ زیاتر لە (٧٢٥) هەزار دینارم بۆ هاتووەتەوەو لەماوەی (٩٢) ڕۆژدا کە پارەکەیم نەدابوو بووە بە (١) ملیۆنو (٧٨٢) هەزار دینار».

شەونم محەمەد، بەڕێوەبەری گشتیی کارەبای سلێمانی، لەبارەی هەمان گرفتەوە لە لێدوانێکی پێشوویدا بۆ ڕۆژنامە، ئەوەی خستەڕوو کە لە مانگی کانوونی دووەمی ئەمساڵەوە نرخیان زیادکردووەو وتی: «تا مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی ڕابردوو پارەی کارەبامان بە نرخە کۆنەکان وەرگرتووە، بەڵام دواترو بۆ ئەمساڵ بڕیارێکمان لە وەزارەتی کارەباوە بۆ هاتووە کە ئەوانیش ئیعتیمادیان کردووەتە سەر بڕیارەکانی وەزارەتی دارایی، کە لیژنەیەکیان پێکهێناوە بۆ دیراسەکردنی نرخی کارەباو بەرزکراوەتەوە بۆ ئەنجومەنی وەزیرانو دواتر نێردراوە بۆ وەزارەتی کارەبا، بڕیاردراوە لەسەر زیادکردنی نرخی کارەبا بەشێوەیەکی تەدریجی».

شەونم محەمەد باسی لەوەشکرد، کە ئێستا کارەبای زیاتر دەدەنە هاوڵاتییانو لەوبڕوایەشدایە بتوانن لە هاویندا ئەو سەعاتانە زیاتر بکەنو لە شەوو ڕۆژێکدا نزیکەی (١٣) سەعات کارەبای نیشتمانی بدەنە هاوڵاتییان، جگە لەوەی مۆلیدەکان دەیدەن، ئاشکراشیکرد کە «لە داهاتووشدا نرخی کارەبا زیاتر دەبێت».

**بەڕێوەبەری دابەشکردنی کارەبای هەولێر:**

**پارەی کارەبامان زیادکرد بۆئەوەی هاوڵاتییان دەست بە کارەباوە بگرنو بەپێی پێویستی خۆیان کارەبا بەکاربهێنن، لە بەرنامەشماندایە پارەی کارەبا زیاتر بکەین بۆئەوەی هاوڵاتییان کەمتر کارەبا بەکاربهێنن**



فەرمانگەی کارەبای هەولێر، هاوڵاتیان بەدواداچوون بۆ زۆریی نرخی کارەبا دەکەن

وەزارەتی ناوخۆ
پارێزگای سلێمانی
کارگێری خۆجێیەتی / بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون
بانگەوازی ئاشکرا ٦٤٩ – R٥
پرۆژە: دروستکردنی بینای چالاکیە مەدەنیەکان لە رانیە.
* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێڕیو خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (٥) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
* وەرگرتنی تەندەر لە رۆژی ٢٠٠٩/٦/٢١ دەست پێ دەکات تا رۆژی ٢٠٠٩/٦/٢٤ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ.
* دوارۆژی گەڕانەوەی تەندەر رۆژی ٢٠٠٩/٧/٥ کاتژمێر ٦-٩ی سەرلەبەیانی تا ١٠ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی
* رۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر رۆژی ٢٠٠٩/٧/٥ کاتژمێر١١ی پێش نیوەڕۆ.
مەرجەکانی بەشداری کردن:
١- پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان (١ تا ٤) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێبێت.
٢- ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کەلە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت لەلایەن (بەرێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).
٣- هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێتو سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤- بڕی تەئمینات بەپێی یاساو رێنماییەکان دەبێت، بەبڕی پارەی دیاری کراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بڕی (٤٥٠٠٠٠٠) چلو پێنج ملیۆن دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ رۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.
٥- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەربن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٦- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆساڵی نوێ و پێناسەیان پێبێت.
٧- وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (٤٥٠٠٠٠) چوارسەدو پەنجا هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
٨- ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.
٩- بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێش کەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١٠- نوێنەری کۆمپانیا دەبێت نوسراوی فەرمی نوێنەرایەتی پێ بێت.
**١١- بەلێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا.**

**دانا احمد مجید**
**پارێزگاری سلێمانی**

---

وەزارەتی ناوخۆ
پارێزگای سلێمانی
کارگێری خۆجێیەتی / بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون
بانگەوازی ئاشکرا ٦٤٠ – R١
پرۆژە: لێدانی بیرو دیواری راگرو جەمالۆن بۆ بازگەی عەربەت (دووبارە).
* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێڕیو خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (٥) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
* وەرگرتنی تەندەر لە رۆژی ٢٠٠٩/٦/٢١ دەست پێ دەکات تا رۆژی ٢٠٠٩/٦/٢٤ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ.
* دوارۆژی گەڕانەوەی تەندەر رۆژی ٢٠٠٩/٧/٥ کاتژمێر ٦-٩ی سەرلەبەیانی تا ١٠ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی
* رۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر رۆژی ٢٠٠٩/٧/٥ کاتژمێر١١ی پێش نیوەڕۆ.
مەرجەکانی بەشداری کردن:
١- پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان (١ تا ٨) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێبێت.
٢- ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کەلە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت لەلایەن (بەرێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).
٣- هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێتو سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤- بڕی تەئمینات بەپێی یاساو رێنماییەکان دەبێت، بەبڕی پارەی دیاری کراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بڕی (٧٠٠٠٠٠٠) حەوت ملیۆن دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ رۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.
٥- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەربن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٦- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆساڵی نوێ و پێناسەیان پێبێت.
٧- وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (١٥٠٠٠) پانزە هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
٨- ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.
٩- بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێش کەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١٠- نوێنەری کۆمپانیا دەبێت نوسراوی فەرمی نوێنەرایەتی پێ بێت.
١١- بەلێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا.

**دانا احمد مجید**
**پارێزگاری سلێمانی**

---

وەزارەتی ناوخۆ
پارێزگای سلێمانی
کارگێری خۆجێیەتی / بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون
بانگەوازی ئاشکرا ٦٦٩ – R١
پرۆژە: دروستکردنی تانکی کۆنکرێتی ٣٠٠ م٣ لە بەرکرەجۆ.
* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێڕیو خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (٥) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
* وەرگرتنی تەندەر لە رۆژی ٢٠٠٩/٦/٢١ دەست پێ دەکات تا رۆژی ٢٠٠٩/٦/٢٤ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ.
* دوارۆژی گەڕانەوەی تەندەر رۆژی ٢٠٠٩/٧/٥ کاتژمێر ٦-٩ی سەرلەبەیانی تا ١٠ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی
* رۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر رۆژی ٢٠٠٩/٧/٥ کاتژمێر١١ی پێش نیوەڕۆ.
مەرجەکانی بەشداری کردن:
١- پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان (١ تا ٩) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێبێت.
٢- ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کەلە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت لەلایەن (بەرێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).
٣- هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێتو سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤- بڕی تەئمینات بەپێی یاساو رێنماییەکان دەبێت، بەبڕی پارەی دیاری کراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بڕی (٤٠٠٠٠٠٠) چوار ملیۆن دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ رۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.
٥- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەربن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٦- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆساڵی نوێ و پێناسەیان پێبێت.
٧- وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (١٥٠٠٠) پانزە هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
٨- ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.
٩- بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێش کەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١٠- نوێنەری کۆمپانیا دەبێت نوسراوی فەرمی نوێنەرایەتی پێ بێت.
١١- بەلێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا.

**دانا احمد مجید**
**پارێزگاری سلێمانی**

---

وەزارەتی ناوخۆ
پارێزگای سلێمانی
کارگێری خۆجێیەتی / بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون
بانگەوازی ئاشکرا ٦٧٠ – R١
پرۆژە: دروستکردنی شۆستەو قیرتاوکردنی رێگای لای بەنزینخانەی هەڵگورد (کوردسات).
* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێڕیو خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (٥) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
* وەرگرتنی تەندەر لە رۆژی ٢٠٠٩/٦/٢١ دەست پێ دەکات تا رۆژی ٢٠٠٩/٦/٢٤ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ.
* دوارۆژی گەڕانەوەی تەندەر رۆژی ٢٠٠٩/٧/٥ کاتژمێر ٦-٩ی سەرلەبەیانی تا ١٠ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی
* رۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر رۆژی ٢٠٠٩/٧/٥ کاتژمێر١١ی پێش نیوەڕۆ.
مەرجەکانی بەشداری کردن:
١- پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان (١ تا ٤) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێبێت.
٢- ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کەلە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت لەلایەن (بەرێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).
٣- هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێتو سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤- بڕی تەئمینات بەپێی یاساو رێنماییەکان دەبێت، بەبڕی پارەی دیاری کراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بڕی (٣٥٠٠٠٠٠) سیو پێنج ملیۆن دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ رۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.
٥- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەربن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٦- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆساڵی نوێ و پێناسەیان پێبێت.
٧- وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (٣٠٠٠٠) سی هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
٨- ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.
٩- بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێش کەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١٠- نوێنەری کۆمپانیا دەبێت نوسراوی فەرمی نوێنەرایەتی پێ بێت.
١١- بەلێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا.

**دانا احمد مجید**
**پارێزگاری سلێمانی**

---

هەرێمی کوردستان/ عێراق
ئەنجومەنی دادوەری
دادگای بەرایی سلێمانی/ ٣ — ژمارە: ٣٢١٩/ب/٢٠٠٨
اقلیم کوردستان/ العراق — رۆژ: ٢٠٠٩/٦/١٦
مجلس القضاء
محكمة بداءة السليمانيه/ ٣

الى المدعى عليهم ١ ـ شريف حمه پاڵەوان ٢ ـ فريدون احمد شيخ محمد ٣ ـ زكي نورى عارف ٤ ـ عايدة نورى عارف ٥ ـ گەلاوێژ محمد عمر ٦ ـ گێلاس محمد عمر ٧ ـ نسرين محمد عمر مجهولي محل الاقامة والسكن حاليا
اصدرت هذه المحكمة بتاريخ (٢٠٠٨/٢/٢٥) قرارا من الدعوى البدائية المرقمة (٣٢١٩/ب/٢٠٠٨) بازالة شيوع شيوع حق التصرف قطع المذكورة أدناه المشاع بينكم و بين بقية الشركاء بيعا و توزيع ثمن على الشركاء كل حسب حصته بعد طرع المصاريف القضائية واتعاب المحاماة لوكيل المدعين بالنسبة (١٠٪) من حصته موكليه المدعون وقد الحكم بحقكم غيابيا قابلا الاعتراض والتميز ولمجهولية محل اقامتكم في الوقت الحاضر حسب شرح المبلغ القضائى لذا قرر تبليغكم اعلانا بواسطة صحيفتين يوميتين محاتين ولكم حق الاعتراض والتميز خلال المدة القانونية وبعكسه سيكتسب القرار الدرجة القطعية وفق القانون.

القاضى
هاشم عبالحامد حمه سعيد
رقم والمقاطعة القطع الاراضي — ١٦٦ م١٦ كانى سارد

---

دادگای بەرایی سلێمانی/ ٥
ژمارە/ ٩٦٥/ب/٢٠٠٩
بەروار/ ٢٠٠٩/٦/١٧
داواکار/ محمد محمود مصطفى/ بریکارەکەی پارێزەر محمد مجيد اسماعيل
داوا لەسەرکراو/ خاتون محمد أحمد
بۆ داوالەسەرکراو/ داواکار داوایەکی لەسەرت تۆمار کردووە لە دادگاکەمان بە ژمارە (٩٦٥/ب/٢٠٠٩) کە تیایدا داوادەکات لە موڵکی ژمارە ٢٢٧٠/١٣ م١ بی بی جک تۆمار بکەیت بە ناوییەوە لەبەرئەوەی لە بەرواری ١٩٩٥ موڵکی ناوبراوی لێ کڕیویت بە بڕی پارەی وەرێکراون ٤٥٠٠ چوارهەزارو پێند سەد دیناری سوسری کە ئەکاتە ٦٧٥٠٠٠ شەش سەدو حەفتاو پێنج هەزار دیناری عێراقی وە لەبەرئەوەی شوێنی نیشتەجێ بوونت نادیارە دادگا بڕیاری دا بە ئاگادارکردنەوەت بە رۆژی دادبینی بە بەرواری ٢٠٠٩/٧/١٦ کاتژمێر (٩)ی سەرلەبەیانی وە بە پێچەوانەوە دادگا ناچار دەبێت داواکە بە نائامادەت ببینێت.

دادوەر
عبدالله اسماعيل أمين

---

هەرێمی کوردستان/ عێراق
ئەنجومەنی دادوەری
دادگای بەرایی سلێمانی/ ٣
اقليم كوردستان/ العراق — ژمارە: ٣٢١٨/ب/٢٠٠٨
مجلس القضاء — رۆژ: ٢٠٠٩/٦/١٦
محكمة بداءة السليمانيه/ ٣
الى المدعى عليهم ١ ـ فريدون احمد شيخ محمد ٢ ـ زكي نورى عارف ٣ ـ عايدة نورى عارف ٤ ـ طلاويَذ محمد عمر ٥ ـ طيلاس محمد عمر ٦ ـ نسرين محمد عمر مجهولي محل الاقامة والسكن حاليا
اصدرت هذه المحكمة بتاريخ (٢٠٠٨/٢/٢٥) قرارا من الدعوى البدائية المرقمة (٣٢١٨/ب/٢٠٠٨) بازالة شيوع شيوع حق التصرف قطع المزكورة أدناه المشاع بينكم و بين بقية الشركاء بيعا و توزيع ثمن على الشركاء كل حسب حصته بعد طرع المصاريف القضائية واتعاب المحاماة لوكيل المدعين بالنسبة (١٠٪) من حصته موكليه المدعون وقد الحكم بحقكم غيابيا قابلا الاعتراض والتميز ولمجهولية محل اقامتكم في الوقت الحاضر حسب شرح المبلغ القضائى لذا قرر تبليغكم اعلانا بواسطة صحيفتين يوميتين محاتين ولكم حق الاعتراض والتميز خلال المدة القانونية وبعكسه سيكتسب القرار الدرجة القطعية وفق القانون.

القاضى
هاشم عبالحامد حمه سعيد
رقم والمقاطعة القطع الاراضي
(١ ـ ٦٥، ٢ـ ٩٩، ٣ ـ ١٦٧) م١٦ كاني سارد

خاوەنی ئیمتیاز:
**کۆمپانیای وشە**

سەرنووسەر:
**عەدنان عوسمان**
ednan.rozhnama@yahoo.com – adnan@rozhnama.com

بەڕێوەبەری نووسین
**ئاودێر شێخ عومەر**
awder.sh.omer@gmail.com

دەستـــەی نووســـەران
**سیروان رەشید** ٠٧٥٠١٥٢٢٥٢٨ serwan_rm@yahoo.com
**فازڵ نەجیب** ٠٧٧٠١٥٢٦٥٨٣ fazil988@yahoo.com
**هیوا جەمال** ٠٧٧٠١٥٧٦٩٠٦ hiwa.jamal@yahoo.com
**فرمان عەبدولڕەحمان** ٠٧٧٠٢٢٣٣٣٠٤ frman802001@yahoo.com

ب. ئۆفیسی هەولێر
**ئیبراهیم عەلی** ٠٧٥٠٤٤٤٧١٠٩


کارگێڕیو ریکلامو ئاگاداری
٠٧٤٨٠١٢١١٤٤ – ٠٧٧٠١٢٠٣٩٤٩
info. rozhnama@gmail.com
riklam. rozhnama@gmail.com

**دابەشکردن:**
کۆمپانیای نێوەند ٠٧٧٠١٥١٧٥٣٣ – ٠٧٧٠١٥٤٤٧٨٠

**ئۆفیسی سەرەکیی:**
سلێمانی – بەختیاری – پشت بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پەروەردەی سلێمانی

**ئۆفیسی هەولێر:**
شەقامی زانکۆ ٩٤ نزیک چوارڕیانی حەمرین، تەنیشت بەڕێوەبەرایەتی ژینگەی هەولێر

www.netewe.com



# هەڵبژاردن وەک میتۆدێک بۆ تێپەڕاندنی دۆخی قەیران

ئازاد عەلی ساڵح

ئـەمرۆ لـە هـەمـوو رۆژێـک زیاتر هەست بـەو ململانێ سـەخـتو توندە دەکەین کە لەنێوان حیزبەکان خۆیانو لەنێوان خەڵکو حیزبەکاندا بەرپابووە. جیاوازیی و ناکۆکییەکان باکگراوندێکی مێژوویيان هەیە کە دەگەڕێتەوە بۆ دوای راپەڕینو بگرە بۆ پێش راپەڕینیش، پاش چارەسەرنەکردنو دەرگیرنەبوون لە بەڕێوەبردنیاندا، ناکۆکییەکان لە قۆناغی گەشەکردنی خۆیاندا گۆڕان بۆ ململانێیەکی راستەوخۆو بگرە بۆ قەیرانێکی ئاشکراو بەرچاویش، توندڕەویی و پشتگوێخستنو نەبوونی ئیرادەیەکی دیموکراتیکی بەهێزو خەمساردیی بۆ یەکلاییکردنەوەیان، ناکۆکییەکانی فـراوانـتـرکـردو درزو کەلێنێکی بەرینیشی خستە نێو ریزەکانی ململانێکارانەوە.

هۆکاری ململانێی ئەمرۆی نێوان حیزبو خەڵک زۆرن، لەوانە:

**١. پێداویستییە ژیانییەکانی خەڵک:** کە خۆی لە پێداویستییە جەستەییەکان، رۆحییەکانو کۆمەڵایەتییەکاندا دەبینێتەوە. شوناسی خود، ئاسایشو سەلامەتی خود، سەربەخۆبوونی خود، خزمەتگوزارییە گشتییەکان بەتایبەتیش تەندروستی، شوێنی شیاوی نیشتەجێبوون، زمانی کۆمەڵایەتی، بژێویی ژیانو ژیانێکی پڕ لە ئارامیو دەروونـیو پڕ لە دڵنیایی بۆ تاکەکان، کۆمەڵێک مـافو پێداویستی بنەڕەتین کە مرۆڤی ئازاد، بگرە هەموو مرۆڤەکان شەڕ بۆ فەراهەمکردنیان دەکەن، بەبێ دەستڕاگەیشتن بەم پێداویستیانەو دابینکردنیان، مرۆڤ ئەستەمە درێژە بە ژیانی بداتو لانیکەم وەک مرۆڤگەلێکی ئاسایی بژێت، بۆیە ناچاردەبێت لەگەڵ ئەو لایەنەدا بکەوێتە ململانێوە کە ئەو مافە سەرەکیانەی پێشێل دەکات.

**١. هـــۆکـــارە سـیـاسـیـیـەکـان:** دەسەڵاتگەرایيو خـراپ بەکارهێنانی دەسەڵات، بێبەشکردنو هەژارییو بێکاریی، بوارنەدان بە خەڵک تا بەشداری راستەقینە لە سیاسەتی بەڕێوەبردنی وڵاتەکەیدا بکات (بەش هەبوون لە دەسەڵات)، یاخود دەسەڵاتی مەدەنی هەبێتو بەشداریی بکات لە هەندێک بڕیار کە پەیوەندی راستەوخۆیان بە ژیانی تاکەکانەوە هەیە، پیادەکردنی سیاسەتی جیاکاریی، نـادادپـەروەریـی، گەندەڵی بە هەموو جۆرەکانییەوە، بازرگانیکردن بەناوی سیاسەتکردنەوە، سیاسەتکردن بەناوی هـەمـووانـەوە، ملکەچپێکردنی سیاسی بەناوی ئازادیی سیاسییەوە، حوکمکردنی حیزب بەناوی حوکمی یاساوە (هۆمۆجینیتی حیزبو حکومەت)، تێکەڵاوکردنی میزاجی کـەسـیو بـڕیـاری تاکەکەسی لەگەڵ پرسە سیاسییە ستراتیژییەکانو گوێ پێنەدانی بڕیاربەدەستان بە بەرژەوەندییە گشتییەکان، فاوڵکردنو پێدانی خاڵی لاوازییو کارتی خۆبەدەستەوەدان لە گەمە سیاسییەکان لەگەڵ ئەوانی دی.

**٣. کـێـشـەی نـێـوان خـەڵـکو دەسەڵاتداران:** لە کوردستاندا بەشێکی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە حیزبی کوردی بەدوای توخمی مـرۆڤـبـوونو کـوردبـوونو هاونیشتمانیبووندا ناگەڕێت لەنێو خەڵکی کوردستاندا، بەڵکو بـەدوای رەگـەزی «حیزبیبوون»ێکی کوێرانەدا دەگەڕێت. حیزبی کـوردی وێـنـەی «مرۆڤبوونو کوردبوون» تەنیا لەو خەڵکانەدا دەدۆزێتەوە کە بێدەنگی هەڵدەبژێرنو لەگەڵ واقیعەکەدا خۆیان دەگونجێنن، توانای ململانێو رووبـەڕووبـوونـەوەیـان نییەو زمانی رەخنەگرتنو پرسیارکردنیشیان سڕبووە، جا ئەگەر بەناچاری بێت یا خۆویستانە بێت، ئەوان خەڵکی کوردستانیان بۆ دوو کاتیگۆری دابەشکردووە: حیزبدۆست (بێدەنگ)و دژە حیزب (قسەکەر)، واتە ئەگەر حیزبت خستە ژێر پرسیارەوەو رەخنەت لێگرتنو پیرۆزت نەکردن، کەواتە تۆ سیمبولەکانو شـۆڕشو مێژووی شۆڕشگێڕیت بێبایەخ کرد، دەرئەنجام تۆ دژی پیرۆزیی شۆڕشیت، دژی مێژووی حیزبی شۆڕشگێڕیت، دژی حکومەتی حیزبی شۆڕشگێڕیت، ئـەمـرۆش لەو پێودانگەوە پێوانەی ئینتیماو رەسەنایەتیو کوردبوون بۆ تاکەکانی کۆمەڵگا دەکەن، ئەمانە هەموو هۆکاری زۆر گرنگن بۆ بەریەککەوتنو دروستبوونی ململانێ بەتایبەتی لەنێوان خەڵکی سادەو خەڵکی هۆشیارو دەسەڵاتداری بێباک، لەنێوان رۆشنبیرانو سیاسەتمەداری خەمسارددا.

پـاش ئـەزمـوونـکـردنـی هـەمـوو رێگاچارەکانو بە بنبەست گەیشتنیان، تاکە ئامرازێک کە مابێت تاقیبکرێتەوە بۆ هەستانەوەو راستبوونەوەو گواستنەوە لەم دۆخە پڕ لە قەیرانە بۆ دۆخێکی جێگیرو خوازراو، بەئاگاهاتنەوەو بەشداریکردنی کارای تاکەکانە لە هەڵبژاردن. ئاماژەکان پێماندەڵێن ئەمجارە زۆر بە جیاوازتر لە هەڵبژادنەکانی پێشوو، خەڵک پراکتیزەی مافی دەنگدانی خۆی دەکـات، ئەگەری ئـەوەش هـەیـە بـارودۆخـە سیاسیو ئیدارییەکە بە دیوێکی دیکەدا بگۆڕێت کە جیاوازتربێت لەئێستا.

دەکرێت بڵێین ناکۆکیو ململانێ رەگداکوتاوەکانی نێوان خەڵکو دەسەڵات، وەرچـەرخـانـێـکـی ئـاشـکـرای بەخۆوە بینیوەو چڕتربووەتەوە، هەڵبژاردنو بانگەشەی هەڵبژاردنیش ئەم ململانێیەی گـەرموگـوڕتـر کـــردووەو بـارودۆخـە سیاسییە چەقبەستووەکە جوڵەو بزاوتێکی خێرای تێکەوتووە، کە تارادەیەک گوتاری حەماسیو ختووکەو جوڵاندنی سۆزو خۆنواندنی دەمامکداری شانۆیی پێشی پێناگرێت.

هەڵمەتی بانگەشەکردن بۆ هۆشیاریی هەڵبژاردنو مۆبیلایزەکردنی خەڵک بۆ دەنگدانو بەشداریکردنێکی چالاکانە، مافێکی رەوای هەموو رەوتو قەوارەو گروپو حیزبێکی سیاسییە. بەگەڕخستنی کەناڵەکانی راگەیاندنو ماسمیدیاو بەستنی کـۆڕو سیمینارو گـردبـوونـەوەش، هەر دیاردەیەکی دروسـتو رەوایـە، بەڵام نارەوایيو ناسروشتی ئەم کردارە لەوەدایە کاتێک کـارەکـتـەرو وتـاربـێـژە مۆڵەت پێدراوەکانی حیزب دێنو سەروەریيو شانازییو دەستکەوتەکانی شۆڕشی کوردستان تەنیا لەسەر خۆیان تاپۆدەکەن، خەڵکانی دیکە بە «بەرخۆرو حازرخۆر»و شتی دیکەش ناوزەد دەکەن.

ئا لێرەدا دەستەواژەی ئێمە کردمان، هـەر ئێمەش حوکم دەکـەیـن، دێتە ناو فەرهەنگی سیاسی کوردەوە، کە ئەمەش داهێنانێکی دیکەی حیزبی کوردییە لەبواری چەسپاندنی دیموکراسیو مافەکانی مرۆڤدا، هۆکارێکی سیاسیشە بۆ قوڵبوونەوەی ململانێکانو هەڵوەرینی متمانەو لێکترازان، ئەو دەستەواژەیەی سەرەوە ئاماژەو مانای گەورەو ترسناک لەخۆدەگرێت، کە بریتییە لـەوەی شۆڕشگێڕان شۆڕشیان سەر رێگا خست، شۆڕش سەرکەوتو هەتا کۆتایی مێژووش هەر دەبێت شۆڕشوانان حوکمی ئەم هەرێمە بکەن، نەک لەپێناوی دروستکردنی حکومەتێکی دیموکراتیک، بەڵکو لەپێناوی درێـژەدان بە تەمەنی فەرمانڕەوایی هەتاهەتایی.

لـــەســـەرزەمـــیـــنـــی دەوڵـــەتـــە دیموکراتیکەکاندا، هـەڵـبـژاردن وەک میکانیزمێکو میتۆدێک بەکاردەهێنرێت بۆ یەکلاییکردنەوەی ناکۆکیو ململانێکانو دواجاریش بۆ نوێبوونەوەو ئاڵوگۆڕی دەســـەڵات، زۆرینە دەیباتەوەو ئەگەر حیزبێک بێت یا زیاترو تا خزمەتی زۆرینەی بـراوەو کەمینەی دۆڕاویـش بکات، نەک کەمینە نانبراو ناکرێتو سزانادرێتو ناچەپێنرێت، بەڵکو وەک هاوڵاتی پلەیەک هەموو مافەکانیان پارێزراو دەبێت بەپێی ئەو دەستوورەی کە خەڵک خۆی بەشداریی لە دارشتنیدا کردووە، بەڵام لە کوردستاندا کەمینەی ناو زۆرینەی براوە دەسەڵات دەگرێتە دەست، تا بەناوی هەمووانەوە قسەبکاتو بڕیار بداتو بەشی هەمووانیش بخوات، بەمانایەکی دیکە خۆ بە قارونکردنو هەڵلوشینو فوبەخۆداکردن دەبێت بە ئامانجێک لە ئامانجە بودەڵەو ناشرینەکان. کاتێک کەمینەی نـاو زۆریـنـەی بـراوە سەردەژەنێتە نێو سامانی نەتەوەیەکو نیشتمانێک دەگۆڕێت بۆ بازاڕی کڕینو فرۆشتنو سەوداگەریی، ئەرێ بەڕاستی شۆڕشو بەرخوردانو راپەڕین لەسەر دەسـتـی شـۆڕشـوانـان لـە بـەهـاو مانا راستەقینەکانی خۆیان بەتاڵ ناکرێنەوە؟

مـێـژووی شۆڕشی چەکداریی لە کوردستاندا کە لەسەرەتای شەستەکاندا چووە قۆناغی پێکدادانی سەربازییەوە، لێوانلێوە لە مەرگەساتو شکستکەوتنو هەستانەوەو پێداگریی، کالێندەری ئەم مێژووە پڕە لە فرمێسکو خوێنو پەلامارو بەرگریو خۆڕاگریی، دڵی گـەورەی لە لێدان خست، مۆمی بیرو هزری هەزارانی خامۆشکردو خـەونـی مـەزنـی پیاوی مەزنی خنکاند، کاریگەریی شەڕکردن لـەگـەڵ رژێـمـی لـەنـاوچـووی بەعس، بەسەرنەچووەو هەتا ئەمرۆش شوێنەواری لەسەر ژیانی کەمئەندامانو کەسوکاری قوربانیانی شەڕەکان هەر نەسڕاوەتەوە، لانیکەم دەستکەوتو بەرهەمی شۆڕشو راپـەڕیـن ئەگەر بۆ هـەمـووان نەبێتو هەمووان نەیچننەوە، بەدڵنیاییەوە ئامانجی ئەو شۆڕشەو شۆڕشوانان دەخرێتە ژێر پرسیارەوە!

حیزب خەڵک دروست ناکات، بەڵکو خەڵک خۆی هەیەو تاکەکانی نێو ئەو خەڵکە حیزب دروستدەکەن، حیزبیش بزووتنەوەیەکی سیاسیو رێکخراوەییو کۆمەڵایەتییە لە هـەنـاوی کۆمەڵگادا دەرسـکـێو گـەشـە دەکـات، ئامانجی ستراتیژیو سەرەکی هەر حیزبێک کە دەسەڵاتی فەرمانڕەوایی دەگرێتە دەست، ئەگەر دابینکردنی ئـازادیـیو ژیانێکی چاکو کارکردن نەبێت بۆ بەرژەوەندیی خەڵک بە هەموو چینو توێژەکانییەوە، ئەو حیزبە جگە لە «کۆمپانیایەکی بازرگانیی نـاوزڕاو»، هیچ ناوێکی دیکەی شایان نییە، هەر حیزبێکیش لە دنیادا ئەگەر وەک کۆمپانیایەکی کۆنتراکتەر کاریکرد، ئەمرۆ یان سبەی لە سەوداگەرییەکی سەرەڕۆی بێبەرنامەو گەمەیەکی سیاسی نەزۆکدا مایەپوچ دەبێت، داتەپینی «دەسەڵاتی خۆی» بەدەستی خۆی مسۆگەر دەکات.

راستییەکی حاشاهەڵنەگرە کە تەنیا چەند حیزبێک شۆڕشیان نەکردووە تا کۆتایی مێژوو حوکم بکەن، هەموو خەڵکی کوردستان پشکیان هەبووە لەو مێژووەی کە ئەمرۆی دروستکرد، ئەمە جگە لە پشکی سەرەکی هەردوو ئیدارەکەی خانەوادەی (بوش)، کەچی تەنیا چەند حیزبێک لافو گەزافی پێوە لێدەدەنو ئەو خەڵکەش بە بەرخۆرو میوانی سەر خوانی زێڕینی خۆیان دەزانـــن، ئـەوان پێیانوایە ئەو خەڵکەی چەکی لە شان نەکردووەو لە شاخ نەبووە، هەرزەکاری سیاسینو هێشتا کاتی رەخنەگرتنو قسەکردنیان نەهاتووە، یـا هـەر مافیان نییە دەنـگ هەڵبڕنو داوای پێداویستییە ژیانیو ئابووریو کۆمەڵایەتییەکانی خۆیان بکەن.

ئەم کلتوورو عەقڵیەتەی ئەندامانی نێو حیزبەکانی کوردستان، تا بڵێی نامۆیە بە کلتووری دیموکراسیو مافی مرۆڤ، بێئەندازە ناکۆکە بە چەمکی دانپێدانانی یاسایی بە رکابەرو نەیاری سیاسی، تا سەر ئێسقان دژە بە هەستی وڵاتپارێزیو ئینتیمای نەتەوەیی، پێچەوانەی رەفتارو ئاکاری پێکەوەهەڵکردنو لێبووردەییو جیاوازیی قبوڵکردنە.

ئایا ئێمەی خەڵکی کوردستان چی پێکەوەمان دەبەستێتەوە؟ ئۆتۆکراسیو حوکمی رەها، سەرمایەو سامان، کورسیو پۆست، بەرژەوەندیو قازانج، تەندەرو کۆمپانیا، گرێبەستە نەوتییەکانی پشتی پـەردە، یان خەیاڵو رۆحی نەتەوەییو بەرژەوەندیی باڵای نەتەوەیەکی بێئاڵاو رۆحی قوربانیانی ئەنفالو هەڵەبجە؟

ناکۆکییەکانو ململانێکانمان لە کوێوە سەرهەڵدەدەن؟ دیـارە ئەو هۆکارانەی سـەرەوە بەشێکیانن، دەسەڵاتخوازان دەیـانـەوێت لە هەموو هەڵسوکەوتو کردارو بڕیارو گوتارو فەرمایشتەکانیان رازی بینو ورتەمان لەدەم دەرنەیەت؟ لەوەدەچێت ئەوان نەزانن هەر تاکو گرۆو چینو توێژێکی نێو هەر کۆمەڵگایەک، ئەگەر بێدەنگیان هەڵبژاردو نەچوونە نێو بۆتەی ململانێو کێشمەکێشو یاخیبوونی مەدەنییەوە، ئەوا ئەو کۆمەڵگایە دەبێت بە بتو بە پەیکەرێکی بێناونیشان؟ رۆحی دەمرێتو دڵی لە لێدان دەکەوێت؟ ئایا دەسەڵاتخوازان بە فەرمانڕەواییکردنی «بتو کۆیلە»ویژدانیان ئاسودە دەبێت؟

ئەگەر ململانێی راستەقینە بمرێت، ژیانیش دەمرێت، ژیان بەبێ ململانێ تووشی چەقبەستنو ئیفلیجبوون دەبێتو مانای خۆشی لەدەستدەدات، کۆمەڵگای بێ ململانێی ئەرێنیو بێ ململانێکاری ئازادیخواز، کۆمەڵگایەکە لە هەناوی خۆیدا ستەمکارو دیسپۆت بـەرهـەم دەهێنێت، ململانێ دەرئەنجامی بەریەککەوتنو نەسازانی ئامانجو جیهانبینیو بەهاو بەرژەوەندییەکانە لەنێوان دوو بەرەدا، ململانێی ناتوندوتیژو دیموکراتیک شەرێکی ساردە لەپێناو بەرز راگرتنی پیرۆزیی مرۆڤو نرخو بەهاکانی، هەوڵێکە بۆ گێڕانەوەی دادپـەروەرییو پـاراسـتـنـی بـەرژەوەنـدیـی گشتیو دەستڕاگەیشتنی یەکسان بەسەر سەرچاوەو سامانی نیشتمانی، چالاکییەکی بەردەوامە بۆ بەدەستهێنانی مافە گشتییەکانو ئازادییە بنەڕەتییەکانو گەشەپێدانی سیاسیو کۆمەڵایەتی، دواجاریش بۆ وەرچەرخانو گۆڕانێکی ریشەییو بنیاتنەر.

ئەوەی کە شایانی باسە تا لەسەری بوەستین، ئـەوەیـە کاتێک کـە باسی گۆڕانکارییو وەرچـەرخـان لە بونیادو سیستمی سیاسیو کۆمەڵایەتیدا دەکەین، مەبەستمان شـۆڕشـی چـەکـداریـیو کودەتای سەربازییو سەروژێرکردنی عەرشی فـەرمـانـڕەوایـیو نییە بە مانا شۆڕشگێڕییەکەی، بەڵکو ئەوەی ئێمە پێی لەسەر دادەگرین رێگاچارەیەکی عەقڵانیو ژیرانەیە کە بکەرەکانی نێو بازنەی ململانێکە لەسەری رێکدەکەون، لەپێناوی پاراستنی بـەرژەوەنـدیـی هـەمـوان نـەک تاقمێکی دەستڕۆیشتوو.

بـێـگـومـان خـۆمـۆبـیـلایـزەکـردنو خۆڕێکخستنێکی دیموکراتیانەی هێزە جـیـاوازە ناکۆکەکان، دۆخـە سیاسییە مەنگەکە دەشلۆقێنێتو گەرموگوڕییەکی نوێ دەبەخشێتە ئاراستەی خـوازراوی بەرەوپێشچوونی ململانێکان، دیـارە بەشداریکردنی ژیـرانـەو چالاکانەی خـەڵـکو نوخبەی سیاسی لە گۆڕینی ئـاراسـتـەی لنگەوقوچی کێشمەکێشە سیاسییەکانو پێشگرتن لە دروستبوونی توندوتیژیی، هەنگاوێکی ئومێدبەخشە بۆ بۆ چارەسەرکردنی کێشەو ململانێکانی نێوان خەڵکو دەسـەڵات بەپلەی یەکەمو دواجاریش نێوان حیزبەکان خۆیان. ئەگەر چەند هێزێکی دیموکراتیکی بەرهەڵستکاری جیاواز لە فۆرمو جیاواز لە ناوەڕۆک، جیاواز لە جیهانبینی حوکمرانیو عەقڵی سیاسی باو، خۆی مانیفێست نەکاتو بوونی راستەقینەی خۆی نەسەلمێنێتو دواجاریش گوشاری مەدەنی بەرهەم نەهێنێت، بەبڕوای من بارودۆخەکە بەئاقارێکی ترسناکدا دەڕواتو هەمووانیش پەلکێش دەکات بۆ هەرەسو هەڵخلیسکان.

هەمووان دەزانین یەکێک لە بنەماکانی دیموکراسی، هەڵبژاردنو بەشداریکردنی خەڵکە بۆ چارەسەرکردنی ئاشتیانەی ململانێکانو تێپەڕاندنی دۆخی قەیران، هەڵبژاردن میکانیزمێکە بۆ ئاڵوگۆڕی دەسەڵاتو پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی کە لە سیستمی سیاسی باودا، قەیرانو داڕوخانو لێژبوونەوەو پەکخستن بەرهەم دەهێنێت، لەمیانی پرۆسێسکردنی هەڵبژاردنەکاندا، ئەگەر ململانێکارانو هێزە ناکۆکە جیاوازەکان پابەندبن بە بەهاو ئەخلاقی رکابەری، ئەگەر ملکەچی عەقڵانیەتو ئینسانیەت بنو بە دەرهاویشتەی پرۆسەکە قایلبن، بێگومان دەربەستبوونو کامڵیو بەرپرسیارێتی کاراکتەرو هێزە رکابەرەکان دەسەلمێنێتو پرۆسێسی گۆڕانکاریش تەکانێک دەدات بۆ پێشەوە.

هـەڵـبـژاردنـیـش وەک پانتاییەکی گـەمـەی دیموکراسی، خاڵیی نییە لە ململانێو زۆرانبازیی، لە هەر هەڵمەتێکی بانگەشەکردنی هەڵبژاردندا، ئەگەر هەر حیزبێک ویستی خەڵکی سەربەخۆو نەیارانی خۆی لە ململانێکردنو رکابەری رام بکات، یان بیەوێت لە رێگای بەکارهێنانی کارتی مووچەبڕینو برسیکردنو بەرکەنارکردنو هەڕەشەی بەکارهێنانی توندوتیژییەوە دەنگی خەڵک بباتەوە، یاخود بێتو خێرایی جوڵەی گۆڕانکارییو گەشەپێدانی ناو کۆنتێکستی ململانێکە پەکبخات، کە ئەم کـردارانـە تـەواو پێچەوانەی پرەنسیپی دیموکراسیو کلتووری مەدەنیەتە، ئەوا لەو سەرزەمینە (بـەداخـەوە کوردستان وەک نـمـوونـە)، دیموکراسی هەنجن هەنجن دەکرێتو ئەوەی دەمێنێتەوە تەنیا ستەمکارییو دیکتاتۆریەتە.

دووپاتی دەکەمەوە بەشداریکردنی ژیرانەو چالاکانەی خەڵکو کارکردنیان بۆ رەگداکوتانی سیستمێکی دیموکراتیکو کارکردنی جدیی بۆ نزیکبوونەوە لە ئامانجە ستراتیژییە نەتەوەییەکان، بەئاگاهاتنەوەو هەڵوێستوەرگرتنو بڕیاردانی خەڵک بۆ سەندنەوەی «مافی ژیانو مافی ئازادبوونو مافیهاوڵاتیبوون»، پێشمەرجی گەڕاندنەوەی مافە بۆ مافخوراوانو سەرەتایەکی بنیاتنەرە بۆ رێکخستنەوەی ماڵی کوردو فاکتەرێکیشە بۆ رێگرتن لە ئەستوربوونی هێزی پاوانخوازییو دەسەڵاتی میلیشیایی لۆکاڵی داخراو.

> **ئاماژەکان پێماندەڵێن ئەمجارە زۆر بە جیاوازتر لە هەڵبژادنەکانی پێشوو، خەڵک پراکتیزەی مافی دەنگدانی خۆی دەکات، ئەگەری ئەوەش هەیە بارودۆخە سیاسیو ئیدارییەکە بە دیوێکی دیکەدا بگۆڕێت کە جیاوازتربێت لەئێستا**

# کۆمپانیای ڕۆژی نوێ
## بۆ وەبەرهێنانی خانووبەرە



## هەلێکی زێڕین...

کۆمپانیای ڕۆژی نوێ (١٠٠٨) یەکەی نیشتەجێبوون لە جوانترین شوێنی سلێمانیدا دروست دەکات لەسەر شەقامی بازنەیی مەلیک مەحمود (نزیک سەنتەری بۆڵینگ)، هەر یەکەیەک بە ڕووبەری (١٠٩ م٢)و پێکدێت لە (ژووری میوان، چێشتخانە، (٣) نوستن، مدخل، ڕاڕەو، حەمام، توالێت، شوێنی غەسالەو مەغسەل، بالکۆن).

نرخی یەکەیەک تەنها (٥٠٠٠٠$) پەنجا هەزار دۆلارە

١ ـ هاولاتی دەتوانێت بڕی (٣٠٪) یان (٥٠٪)ی نرخی یەکەکە لە سندوقی نیشتەجێبوون وەربگرێت.

٢ ـ هەرکەسێک بتوانێت یەکەیەک بە کاش بکڕێت، ئەوا (٢٥٠٠$) (دوو هەزارو پێنج سەد دۆلار) لە نرخی یەکەکەی بۆ کەم دەکرێتەوە.

بۆ زانیاریی زیاتر دەتوانیت پەیوەندی بکەیت بە یەکێک لەم ژمارە تەلەفۆنانەی خوارەوە لە کاتژمێر (٨:٣٠)ی بەیانی بۆ کاتژمێر (٥)ی ئێوارە.

ژمارەی تەلەفۆن: (٠٧٥٠١٥٢١٧١٧) (٠٧٧١٠١٦٥٥٥٥) (٠٧٧٠١٥٢٩٣٩٢)

ناونیشانی ئۆفیسی کۆمپانیا :
تووی مەلیک - شەقامی سەرەکی - بەرامبەر ئامادەیی شەهید جەمال ئایەر
0750 152 1717-0770 152 9392-0771 016 5555
rozhinwe@gmail.com

Rozhi Nwe Co.



# مژدە مژدە ...

DRR Co.
RENAULT

کۆمپانیای الدرر مژدە دەداتە هاولاتیانی خۆشەویست کە نرخی سەیارەی ڕینۆی فەرەنسی و BYD صینی و کیرۆنی کۆری داشکاند بەهەموو قەبارەکانیەوە بەشێوەی قیست بۆماوەی (٣) ساڵ لەڕێگای بانکی (دیجلەوفرات) ەوە




19X0$ → 18700$




23X0$ → 22000$




12X0$ → 12100$




13X0$ → 12800$




10X0$ → 9900$




13X0$ → 12200$

ناونیشان / سلێمانی ، شەقامی مەلیک محمود ، بەرامبەر چێشتخانەی کەبابی محسن E-info.drr@gmail.com 07701462292 - 07480158777



ASHTI CITY

کۆمپانیای جێبەجێکار
گروپی کۆمپانیاکانی گەلالە ،کە بە سەرپەرشتی دەستەی وەبەرهێنان جێبەجێ دەکرێت و سندوقی ئیسکان دەیگرێتەوە .

# پڕۆژەی ئاشتی بۆ نیشتە جێبوون

مشروع مدينة أشتي الأسكاني

ناونیشانێکی تازە بۆ جوانترین شاری کوردستان

هەلێکی گەورەیە بۆ ئەوەی ببیتە خاوەنی خانوویەک کە ڕووبەری زەویەکەی (250) مەتر دوجایە لە جوانترین جێگای شاری هەولێر لەسەر ڕێگای نێوان کەسنەزان وبنەسلاوە .

ببە خاوەن خانوویەک بە قیستی مانگانەی گونجاو.

نرخی خانوو بە 50000 $ :

* پیدانی پێشەکی 10% لە کاتی تۆمارکردن .
* قیستی 410 دولار ، بەشێوەی مانگانە .
* قەرزی 50% لە نرخی خانوو لە سندوقی نیشتەجێبوون ، بەبێ سوودی سندوقی نیشتەجێبوون .
* قیستی 10% لە کاتی وەرگرتنی خانوو .

سعر البيت 50000 $ :

* دفعة مقدمة 10% عند التسجيل .
* أقساط 410 دولار شهرياً .
* قرض 50% من قيمة الدار بدون فوائد من صندوق الأسكان.
* دفعة 10% عند أستلام الدار .



پڕۆژەی بیناکردنی شارێکی تەواو لەگەڵ گشت خزمەتگوزاریە ژێر خانەکان : تۆڕی ئاوەڕۆی ئاوی باران / تۆڕی کارەبا / تۆڕی دابەشکردنی وزەی کارەبا / تۆڕی دابەشکردنی وزەی کارەبا /تۆڕی دابەشکردنی وزەی کارەبا
شەقامی سەرەکی ونا سەرەکی / تۆڕی ئاوی خواردنەوە /تۆڕی دابەشکردنی وزەی کارەبا / تۆڕی ئاوەڕۆی ئاوی باران
بنکەی بازرگانی و بازارگا / قوتابخانە /بنکە تەندروستی / یاریگای وەرزشی / باخچە

ناونیشانی نووسینگەی بە بازاڕکردن :
شەقامی (100) مەتری /باڵە خانەی پێشانگای گەلالە ، بەرامبەر وەزارەتی مافی مرۆڤ .
کۆرک : 0750 7225858
ئاسیا : 0770 9185858

Galala Group of Companies


چاپ: چاپخانەی زەرگەتە ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٩ – ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٨ – ٣١٩٠٥١٩

ڕۆژنامە تایبەت

ژمارە 494 یەکشەممە 2009/6/21

**«ئەرکی گەورەی ڕۆشنبیرە بەرگری لە گۆڕان بکات، بەڵام بەرگری لە مانا قوڵەکانی گۆڕان بکاتو هەمیشە قوڵای وشەکەو قوڵای پرۆسەکەی لەبەرچاو بێت»**

# هەڵهاتن لە بۆشایی


## نیگایەک لە جەوهەری ئەو هێزەی ئێستا لە هەناوی کۆمەڵگای ئێمەدا دەجوڵێت

**بەختیار عەلی**

شتێکی گەورە ناوەوەی دونیای ئێمە دەهەژێنێت، هێزێکی خەوتوو و فەرامۆشکراو کە هێدی هێدی دەیەوێت ببزوێت و هەستێت و بێتەدەرێ، سروشتی ئەم هێزە وەک هەموو هێزە مێژووییە بزوێنەکان نادیارە، کۆکردنەوەی لە ژێر یەک ناونیشاندا ئەستەمە و ناونانی بە یەک ناو نەشیاوە، هێزێکە دەجوڵێت و بۆ کردارێکی مێژوویی دەگەڕێت کە هێشتا بە ڕوونی هیچ شتێک لە جەوهەری ئەو کردارە دیار نییە، بەڵام هێزێکە دەیەوێت شتێک بکات کە لە شتەکانی تر ناچێت... لە ئێستادا گرنگ نییە ئەو هێزە چی دەکات، چونکە ئەوەی ئێستا جێگای تێرامانە ئەوەیە کە ئەم هێزە لێرەیە، دوای غیابێکی مێژوویی گەورە، دوای وەستانێکی گەورە، ئێستا شتێکی نائاسایی لە هەناوی مێژووی ئێمەدا دەجوڵێت، مەخلوقێکی تر لە سەرەتای هاتن و لەدایکبووندایە. دەرکەوتنی ئەم هێزە بەبۆچوونی من کورت ناکرێتەوە بۆ هەندێک کلێشەی سیاسی ڕووت، ئەوەی کە بڵێین گەندەڵی یان توڕەیی لە هەڵە سیاسییە گەورەکانی پەنجا ساڵی ڕابوردوومان بە تەنیا ئەو هێزەی دروستکردوە، کورتکردنەوەیەکی ترسناک و نەپێکانێکی گەورەیە. ئەوەی ئەم هێزە دەجوڵێنێت تەنیا سیاسەتی هەنوکەیی نییە، بەڵکو بۆشاییەکی گەورە و ترسناکی ناو مێژووی ئێمەیە.

ئەوەی لە ناکاو هەست بە «بۆشی مێژوو» بە «ڕووتەنی مێژوو» یە «بێحاسڵی چەند سەدەیەک» دەکەین، ئەوە هەموو ترسە دێرینەکانمان تێدا زیندووردەکاتەوە. ترس لە بۆشایی، ترس لەوەی کە لە پرۆسەیەکی مێژوویی گەورە مایەپوچ هاتووینەتە دەرەوە، یەکێکە لە هەرە کوشندەترین ترسەکانی ئەمڕۆمان، ئەوەی لە ناوەوە ئەو هێزە دەجوڵێنێت خودی ئەو هەستە قووڵەیە بە بۆشایی، بە نەبوونی ڕووداو، بە نەقەومانی شتی گەورە، بە دەست پێنەکردنی ژیان لە ناو جەستەی مێژوویی ئێمەدا. دەبێت بڵێم کە وردبوونەوەیەکی قووڵ لە مێژووی ئێمەدا دەمانگەێنێتە ئەو بڕوایەی کە هەڵهاتن لە فەوتان و نەمان وەک پۆلی دژ و پێچەوانەی مردن کاریانکردوە، مرۆڤ دەتوانێت یان لە مردن هەڵبێت یان بژی، ئێمە بە درێژایی مێژوو لە مردن هەڵدێین، لەو ترسە دەرەکییە گەورانە هەڵدێین کە لە ئاقاری کۆتایی نزیکماندەکەنەوە، بەڵام مانای کۆی پرۆسە مێژووییەکە بۆ ئێمە ئەوەیە بگەینە سەر ژیانی ئاسایی، ژیانێکی لە دۆخی مەترسی و ترسەوە بەرەو ئارامی پەڕیبێتەوە، مەبەست لەو خەباتە دوورودرێژە دژی نەمان ئەوەیە، دواجار لە جێگایەکدا بوەستین و سەیربکەین و ببینین کە ئێمە توانای ژیان و هێز و بەردەوامیمان تێدایە، واتە بتوانین لە مێژووی ترسەوە « واتە لە گوتاری مانەوەوە» بگوازینەوە بۆ مێژووی دڵنیایی. بۆشایی لەو کاتەدا دروستدەبێت کە ترس زۆر لە وزە و هێز و تینی خۆی دەدۆڕێنێت بێئەوەی دڵنیایی ڕاستەقینە ئامادەبێت، بۆشایی مێژوویی ئەو دەلاقە ترسناکەیە کە تێیدا هەستدەکەین ئێمە لە مردن هەڵهاتووین بەڵام پێمان نەخستۆتە ناو دڵنیاییەوە، دڵنیایی ئەوەیە هەستبکەین مێژووی ئێمە چیتر ڕاناکات، چیتر لە ترسی نەمان هەڵنایەت، چیتر فشاری دەرەکی جوڵەی ناوەوەی ڕاناگرێت، بەڵکو ئازادانە دەجوڵێت، دەتوانێت هەناسەبدات و سەیری خۆی بکات و بیر لە خۆی بکاتەوە. دڵنیایی مانای ئەوەی هەستبکەین ئێمە ئیفلیج نین... بەڵام گەر ترسی دەرەکی لاواز بێت و هەستی ئیفلیجیش لە ناوەوە بەهێزبێت، ئا لەویادا قەیرانێکی مێژوویی گەورەی وەک ئەم قەیرانەی ئەمڕۆ دروستدەبێت. دینەمۆی نهێنی مێژووی ئێمەی کورد ئەوەیە بەدوای ڕووداوێکی گەورەدا بگەڕێین کە خۆمان دروستمانکردوە، ئیرادەی خۆمان لە شتێکی تردا تاقیبکەینەوە کە تەنیا ڕاکردن نەبێت لە مردن و هەڵهاتن نەبێت لە دوژمن. ئەم تاقیکردنەوەی ئیرادەیە جێگایەکی سەنتراڵ و نهێنی لە مانای بوونی ئێمەدا هەیە، تەنیا لە ڕێگای ئەم تاقیکردنەوەیەوە دەتوانین لە «نەگەری بوون»ـەوە بەرەو «بوون» خۆی بگوازینەوە، لە «بوون وەک پرۆژەیەکەوە» بۆ «بوون وەک واقعیک» بپەڕینەوە... ئیفلیجی درێژبوونەوەی مردنە، ئەوەی شتێکی گەورە ڕوونەدات درێژبوونەوەی مردنە، ئەوەی هەست نەکەیت مێژووییەک دوای بەستنەوەیەکی درێژ خێرا کۆتەکانی خۆی دەشکێنێت و هەڵدەستێتە سەرپێ درێژبوونەوەی مردنە... ئەوەی لە ناوەوە بۆتە دینەمۆی ئەم ساتەی ئەمڕۆمان ئەو هەست نەکردنەیە بە ژیان لە جەستەی کوردیدا، ئەو هەست نەکردنەیە بە بوونی جوڵەیەکی ناوەکی گەورە لە ناو ئەم مێژووەدا، ترسە لە ئیفلیجییەکی وجودی، ترسە لەوەی کە هەموو ئەو کارەساتانەی بەسەر ئێمەدا هاتوون پەیوەندیان بە ئیفلیجی ئێمەوە هەبێت وەک نەتەوەیەک، ئەوەک پەیوەندیان بە دەرەوە و داگیرکەرانەوە هەبێت، ئەو ترسە هێندە ناوەکی و نهێنی و کارایە لە ناوەوە بوونەوەرێکی نائومێد و توڕەی دروستکردوە.

← بۆ ل ٢،٣و٤



«مانای گۆڕان نابێت تەنیا لە ئاستی ڕەخنەکردن لە پارتی و یەکێتیدا تەواوبێت، بەڵکو دەبێت بگوازێتەوە و ببێتە ڕەخنە لەو بنەمایانە کۆی مێژووی سیاسی ئێمەی لەسەر وەستاوە، واتە ڕووبکاتە ئەو ژێرخانە سیاسی و کولتوورییەی کە یەکەم: بزاوتی ناسیونالی گۆڕی بۆ بزاوتێکی هەرێمی و لۆکاڵ. دووەم: شەڕی چەکداری کرد بە هۆکاری سەرەکی گۆڕان. سێیەم: شێوازی بەلشەفیانەی حیزبی کرد بە شێوازی سەرەکی سیاسی. چوارەم: چەمکی سۆسیالیزمی خستە بری چەمکی ئازادی و عەدالەت. ئەو کارەساتەی ئەمڕۆ تێیدا دەژین درێژکراوەی ئەو چوار هەڵە سەرەکی و کوشندەیەیە. بە کورتی گۆڕان لە ڕەخنەکردنێکی قووڵی ئەو چوار بنەما سەرەکییەوە دەست پێدەکات کە کۆی «مۆدێرنەی سیاسی» ئێمەی لەسەر بونیادنراوە».

www.netewe.com

